# ڕووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت

# لە هەرێمی کوردستان  بۆ ساڵی 2021



**بەشی ئامارەکانی پیشەسازی**

**کانونی دووەم- 2024**

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی پلاندانان

دەستەی ئاماری هەرێم

# ڕووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت

# لە هەرێمی کوردستان

# بۆ ساڵی 2021

بەشی ئامارەکانی پیشەسازی

کانونی دووەم- 2024

© کانونی دووەم - 2024
مافی چاپکردن و بلاوکردنەوەی پارێزراوە

لەکاتی لێوەرگرتنی زانیاری لەم راپۆرتە تکایە وەك ئەوەی لە خوارەوە هاتوە ئاماژەی پێبکە:

دەستەی ئاماری هەرێم 2024، بەشی ئامارەکانی پیشەسازی، *"راپۆرتی ڕووپێوی مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت بۆ ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان".*

بۆزانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە:
ناونیشانی ماڵپەری ئەلیکترۆنی : www.krso.gov.krd
تەلەفۆن: 07508963143
پۆستی ئەلیکترۆنی: Contact@krso.gov.krd

زنجیرە: 102

## سوپاس و پێزانین

دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق و دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆیان ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئاماری پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان و هەروەها ئەو لایەن و کەسانە دەکەن کە هاوکار بوون لەجێبەجێکردنی ئەم ڕووپێوە بە تایبەتی لیژنەکانی مۆلیدەی کەرتی تایبەت و خاوەن مۆلیدەکان. هەروەها ستایشی ئەو هەوڵانە دەکەن کە لەماوەی قۆناغەکانی ئامادەکردن و جێبەجێکردن و دەرکردنی ڕاپۆرتەکەدا کراون.

## تیمی کار

### لیژنەی باڵای ڕووپێو لە هەرێمی کوردستان

سیروان محمد محی الدین/ سەرۆکی دەستەی ئاماری هەرێم
سامان عزالدین رشید/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای هەولێر
شوان جبار فتاح/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای سلێمانی
چیاڤان عبدالرزاق سلێمان/ بەڕێوەبەری ئاماری پارێزگای دهۆك
حیدر شمس الله جیهانگیر/ بەڕێوەبەری ئاماری ئیدارەی گەرمیان
ئاراز ابراهیم حمد/ بەڕێوەبەری ئاماری ئیدارەی ڕاپەرین
حیدەر محمود خدر/ بەڕێوەبەری ئاماری ئیدارەی سۆران
محمد تۆفیق رسول/ هەماهەنگاری ڕووپێو/ دەستەی ئاماری هەرێم

### لیژنەی تەکنیکی و سەرپەرشتی ڕووپێو

محمد تۆفیق رسول/ هەماهەنگاری ڕووپێو/ دەستەی ئاماری هەرێم
رقیب بهاءالدین محمد/ سەرپەرشتیاری بەرنامەی (ODK)/ دەستەی ئاماری هەرێم
مەریوان حسن عبداللە/ سەرپەرشتیاری ناوخۆیی/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر
شەمال ڕؤوف محمد/ سەرپەرشتیاری ناوخۆیی/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی
دەراڤ عبداللە ناصر/ سەرپەرشتیاری ناوخۆیی/ بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك

## توێژەرانی مەیدانی ڕووپێو

| ت | ناو | ناونیشانی کار | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| 1 | مژده فخرالدين رسول | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 2 | هاوكار توفيق حمد | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 3 | سولاڤ صابر مصطفى | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 4 | مەزن نەوزاد عبدالله | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر |
| 5 | بختيار حسين جرجيس | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای هەولێر/ ئاماری سۆران |
| 6 | فريدون محمد محمود | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 7 | نياز جمال علي | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 8 | چنور حمه غريب | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی |
| 9 | خەندە جلال قادر | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی/ ئاماری ڕاپەڕین |
| 10 | نجات كريم علي | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای سلێمانی/ ئاماری گەرمیان |
| 11 | هكار حاجى ناصر | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 12 | دارفان تحسين طه | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |
| 13 | علي سعيد محمد | توێژەر | بەرێوەبەرایەتی ئاماری پارێزگای دهۆك |

## لیژنەی شیکردنەوەی داتا و ئامادەکردنی ڕاپۆرت

حســـین حـمید خلف/ بەرێوبەری ئاماری پیشەسازی/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

حنان رحیم عنید/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

بان فاروق جمعە/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

رنا رعد جواد/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

سجی قاسم کاظم/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

هدیل عبید فارس/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

رنا عبدالرضا کریم/ دەزگای ناوەندی ئاماری عیراق

## لیژنەی پێداچونەوە و وەرگێرانی ڕاپۆرت بۆ زمانی کوردی

محمد توفیق رسول/ دەستەی ئاماری هەرێم

بەفرین حمد علی / دەستەی ئاماری هەرێم

شەیدا غازی اسعد / دەستەی ئاماری هەرێم

## ناوەڕۆك


سوپاس و پێزانین.... I

تیمی کار .... I

لیستی خشتەکان .... VII

لیستی شێوەکان .... VIII

پێشەکی.... 1

پێناسە و کورتکراوەکان .... 2

بەشی یەکەم: ڕێبازی ڕووپێو .... 5

قۆناغی دیارکردنی پێویستیەکان.... 5

قۆناغی داڕشتن.... 5

دیارکردنی کۆمەڵگەی ئاماری (شوێنی ڕووپێو) .... 6

کاری مەیدانی ڕووپێو .... 6

دیزاینکردنی پرسیارنامەی ڕووپێو .... 6

بەشەکانی پرسیارنامە .... 6

چوارچێوەی ئاماری لە ڕووپێوی مۆلیدەکان.... 7

دیزاینی نموونە(سامپڵ) .... 7

قۆناغی ڕێکخستن .... 8

قۆناغی ڕاهێنان و کۆکردنەوەی داتا .... 8

قۆناغی ڕێکخستن و چارەسەر کردنی داتا .... 9

لایەنی سوودمەندبوو لە داتای ڕووپێو:.... 9

بەشی دووەم :لایەنی مەیدانی رووپێو .... 12

ژینگەی شوێنی مۆلیدەکان .... 12

ژمارەی شوێنی مۆلیدە ............ 13

مۆلیدە(**Generator**): یەکەیەکی کاری ئابوورییە و بەرهەمهێنەری وزەی کارەبایە کە پێکدێت لە (بزوێنەر +بەرهەمهێنەری کارەبا(تولید)). مۆلیدە قەوارەیەکی یاسایی و شوێنێکی جێگیری هەیە وە چالاکییەکی ئابووری دیاریکراو ئەنجام دەدات و لەلایەن کەسێک یان کۆمەڵێک کەسەوە خاوەندارێتی دەکرێت. ............ 13

چالاکی کارپێکردنی مۆلیدەکان بە گوێرەی ساڵانی کارکردنیان ............ 14

ژمارەی مۆلیدەکان بەپێی وولاتی دروست کردنیان ............ 15

بۆردی چاودێری (دابەشکردن) ............ 16

ژمارەی گشتی کارمەندان (عێراقی و ناعێراقی) ............ 17

کرێی پێدراو ............ 19

بڕوانامەی خاوەن مۆلیدەکان ............ 21

ڕەگەزی خاوەن مۆلیدەکان ............ 21

هەبووە جێگیرەکان ............ 22

زەوی بەکارهاتوو ............ 22

خاوەندارێتی زەوی ............ 22

ژمارەی بەشداربوانی کارەبای مۆلیدەکان ............ 25

دیزاین و توانای بەکارهێنان ............ 26

تێکرای ژمارەی کاتژمێرەکانی کارپێکردن و تێکرای نرخی ئەمپێر ............ 27

میکانیزمی هەژمارکردنی تێکڕای کارکردن لە هەرێمی کوردستان ............ 28

داهات ............ 30

پێداویستییەکان و سووتەمەنی ............ 31

بەشە سووتەمەنی (پاڵپشتی حکومی بۆ مۆلیدەکان) ............ 31

بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕدراو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن ............ 32

بڕ و بەهای (ڕۆن)ی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن ............ 33

تێچووی گواستنەوەی سووتەمەنی کڕدراو ............ 33

خەرجی پاراستن و چاککردن و خەرجیەکانی تر ........ 34

کاریگەری مۆلیدەکان لەسەر ژینگە ........ 36

چەند چارەسەرێك بۆ کەمکردنەوەی زیانە ژینگەییەکانی مۆلیدەی کارەبا ........ 36

سیستەمی ساردکردنەوەی مۆلیدەکان بە ئاو ........ 37

بڕی ئەو ئاوەی بۆ ساردکردنەوە بەکاردێت ........ 37

سەرچاوەی ئاو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان ........ 38

ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ئاوی بەکارهاتوو ........ 39

سیستەمی گزۆز و بێدەنگکەر ........ 39

ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتوو ........ 41

جۆری سوتەمەنی بەکارهاتوو ........ 41

شوێنی هەڵگرتنی سووتەمەنی ........ 41

هەبووە جێگیرەکان ........ 43

بەشی سێیەم: پوختەی دەرئەنجامەکان و پێشنیارەکان ........ 45

پرسیارنامەی ڕووپێو ........ 1

## لیستی خشتەکان


خشتەی 1 :دابەشکردنی نموونە(سامپڵ) بەپێی گروپی ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان ........................ 8

خشتەی 2:دابەشکردنی نموونە(سامپڵ) بەپێی گروپی ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان......................... 8

خشتەی 3:نیشاندەرە سەرەکیەکانی مۆلیدەکانی تایبەت کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن.................................................... 10

خشتەی 4: ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان بەگوێرەی پارێزگا و ژینگەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان ........................................ 13

خشتەی 5:ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان بەگوێرەی باری تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستان ..................................................... 14

خشتەی 6: ژمارەی مۆلیدە تایبەتەکان بەگوێرەی وڵاتی دروست کردنیان کە هاوردەکراون لە هەرێمی کوردستان.................. 15

خشتەی 7: شوێنی بۆردی چاودێری (دەرەوەی مۆلیدە، ناوخۆی مۆلیدە، هەردووکیان) بۆ مۆلیدە لە هەرێمی کوردستان .............. 17

خشتەی 8: ژمارەی کارمەندان (عێراقی و جگە لە عێراقی) لە کەرتی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان ................................ 18

خشتەی 9:گروپی تەمەنی کارمەندانی عێراقی لە کەرتی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ........................................ 18

خشتەی 10: بەهای کرێی ساڵانەی بەخشراوی کارمەندان (عێراقی و جگە لە عێراقی) وە ناوەندی کرێ لە کەرتی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان ........................................................................................................................ 20

خشتەی 11:ژمارەی ئەو خاوەن مۆلیدانەی کاردەکەن (بەکرێ یان بەبێ کرێ) لە هەرێمی کوردستان ........................................ 21

خشتەی 12:بڕوانامەی بەدەستهاتوو و ڕەگەزی خاوەن مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ........................................... 22

خشتەی 13:خاوەندرایەتی زەوی بۆ شوێنی مۆلیدە تایبەتەکان و ڕووبەری بەکارهاتوو لە هەرێمی کوردستان............................ 23

خشتەی 14:کۆی ژمارەی هاوبەشان و ئەمپێری دراو بە هاولاتیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021................................. 25

خشتەی 15:توانای بەکارهاتوو لە توانی دیارکراوی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (K.V)................................... 26

خشتەی 16:تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن و نرخی ئەمپێر لە کاتی ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق ........................................................................................ 28

خشتەی 17:داهات لە ناو ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان ............................................... 30

خشتەی 18:بەشە سووتەمەنی وەرگیراو بۆ مۆلیدە لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021 ................................................... 31

خشتەی 19:بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕداو لە ناو ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن بۆ مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان .. 62

خشتەی 20:ناوەندی نرخی گاز بە نرخی بازرگانی بۆ مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ........................................... 32

خشتەی 21:بڕ و بەهای ڕونی بەکارهاتوو لە ناو ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان....................... 33

خشتەی 22:خەرجیەکانی ساڵانەی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان....................................................... 34

خشتەی 23:بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ........................................... 37

خشتەی 24:سەرچاوەی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان............................................ 38

خشتەی 25: ڕێگاکانی ڕزگار بوون لە ئاوی بەکارهاتوو بۆ مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان (زیاتر لەوەڵامێك).......................... 39

خشتەی 26: هۆکارەکانی کەمکردنەوەی بەرزی دەنگی مۆلیدەکان (سالنسە و بێ دەنگکەر) لە هەرێمی کوردستان........................ 40
خشتەی 27: ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتووی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان............................................ 41
خشتەی 28: شوێنی هەڵگرتنی سوتەمەنی و شوێنی پارێزراوە لە مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان......................................... 42
خشتەی 29: کۆی گشتی بەهای هەبووە جێگیرەکان لە مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ............................................ 53

## لیستی شێوەکان

شێوەی 1:ساڵانی دەستپێکردنی کارپێکردنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان (1992-2021)........................... 15
شێوەی 2:گروپی تەمەنی کارمەندانی عێراقی لە کەرتی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ........................................... 19
شێوەی 3:ناوەندی کرێی مانگانەی کارمەندان (عێراقی و جگە لە عێراقی) لە کەرتی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان.................. 20

## پێشەکی

کارەبا فاکتەرێکی گرنگە لە ژیانی ڕۆژانەماندا و ڕەنگدانەوەی ژێرخانە سەرەکیەکان دەکات لە کەرتە جۆراوجۆرەکانی بەرهەمهێناندا.هیچ شوێنێک نیە ئامێرێکی کارەبایی تێدا نەبێت لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانی ژیانی ڕۆژانەندا.

یاسای وەزارەتی کارەبا لە ماددەی دووەم برگەی یەکەمدا هاتووە: دابینکردنی وزەی کارەبا پێویستە بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی کۆمەڵگا و ئابووری نیشتمانی، بەڵام عێراق زیاتر لە سێ دەیەیە بەهۆی کەمی کارەباوە دەناڵێنێت، سەرەڕای ئەو خەرجیە زۆرەی کە لە ساڵی 2003 تا ئەمڕۆ لە کەرتی کارەبادا خەرجکراوە و بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانکراوە، بۆیە پێویستە هاوڵاتیان جێگرەوەیەک بدۆزنەوە بۆ دەست خستنی ووزەی کارەبا.

دیاردەی مۆلیدەکانی کارەبای ئەهلی و دانانیان لە گەڕەکەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهۆی کەمی کارەباوە بووە و بۆ مەبەستی وەبەرهێنان لەکارەبا، هەرچەندە بارگرانییەکی زۆری لەسەر هاوڵاتیانی ئاسایی هەبووە، سەرەڕای کەمی خزمەتگوزارییە حکومییەکانی ترەوە لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق.

مۆلیدە تایبەتەکانی کارەبا گرنگییەکی زۆریان هەیە چونکە بەشدارییان کردووە لە دابینکردنی وزەی کارەبا بۆ هاوڵاتیان بەتایبەتی لە هاویندا، بەڵام لە کارکردنیاندا لەکێشەی ئابووری بێبەش نەبوونە.

لە چوارچێوەی پلانی دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و دەستەی ئاماری هەرێم بۆ ئەنجامدانی ڕووپێوێك لە سەر مۆلیدەکانی کارەبا لە کەرتی تایبەت، لە چارەکی دووەمی ساڵی 2022 لە هەرێمی کوردستان و هەموو پارێزگاکانی تری عێراق بۆ یەکەم جار ئەم ڕووپێوە جێبەجێکرا. ئەم راپۆرتە پێك هاتووە لە چەند بەشێك لەوانە ڕێبازی ڕووپێو، کاری مەیدانی، دەرئەنجامەکانی ڕووپێو و راسپاردەکان.

## پێناسە و کورتکراوەکان

ئەمپێر (A): یەکەی پێوانی خێرایی تەزووی کارەبایە لە سیستەمی نێودەوڵەتی یەکەکاندا (SI). هێمای ئەمپێری (A) ە کە لە ناوی ئەندرێ ماری ئەمپێر- فیزیازانی فەرەنسی وەرگیراوە.یەك ئامپێر دەکاتە یەك کۆلۆم بارگەی تێپەڕبوو بە ڕووبەری پانە برگەدا لە یەك چرکەدا (IA=IC/s).

جیاوازی ئەرك (ڤولتییە): پێوانی جیاوازییە لە وزەی ئەرکی کارەبایی لە نێوان دوو شوێنی بۆشاییدا. لە سیستەمی نێودەوڵەتی یەکەکاندا بە یەکەی ڤوڵت (V) دەپێورێت کە هاوتای جوولە بۆ یەکەی کۆلۆم. شایەنی باسە کە ڤۆڵت لە ناوی زانای ئیتالی ئەلیساندرۆ ڤۆڵتا کە خاوەنی چەندین دەستکەوت بووە لە بواری کارەبادا وەرگیراوە.

کیلۆ وات (KW): کیلو وات بەرامبەرە بە هەزار وات کە یەکەیەکی نێو دەوڵەتییە بۆ پێوانی توانا و ڕێژەی بەکارهێنانی کارەبا لە ئامێرێکی کارەباییدا و هەرچەند ئامێرێك واتی زیاتر بەکار بێنێت, ئەو ئامێرە پێویستی بە کارەبای زیاترە بۆ کارکردن, بۆیە ئامێرە کارەبابییەکان بە پێی ئەو برە کارەبایە کە بەکار دەهێندرێن پۆلین دەکرێن. .

مۆلیدە: لە ساڵی ١٨٣١، زانا مایکڵ فارادای ئامێرێکی مولیدەی کارەبای داهێنا کە بەکار دێت بۆ گۆڕینی وزەی میکانیکی بۆ وزەی کارەبایی و لەسەر بنەمای ئێلێکترۆموگناتیسی کار دەکات کاتێک گەیەنەرێک بەناو مەیدانی موگناتیسیدا تێدەپەڕێت کە دەبێتە هۆی هاندانی ڤۆڵتیە لە دوو سەری گەینەرەکە و دواتر ئەم کارەبایە دەگوازێتەوە و لە ڕێگەی هێڵەکانی کارەباوە دابەشی دەکات بۆ کڕیارەکانی ناوخۆیی و بازرگانی و پیشەسازییەکان.

وزەی کارەبا: وزە, بە شێوەیەکی گشتی بەتوانای ئەنجامدانی کار پێناسە کراوە. وزە چەندین جۆری هەیە کە لە ژیاندا بەکاردێت و گرنگترینیان وزەی کارەباییە کە ئاسانتر بەکار دەهێنرێت و ئاسانتر بۆ جۆرەکانی تری وزە دەگۆڕدرێت بە بەراورد بە وزەکانی تر ، بەڵام زەحمەتە بە برێکی زۆر خەزن بکرێت. بەکارهێنانی کارەبا لە بوارە جیاوازەکاندا سودی لێوەردەگیرێت بۆ نمونە بۆ کارپێکردنی ئامێرە کارەباییەکان، گەرمکردن و فێنککردنەوە ، گواستنەوە، پیشەسازی و بۆ زۆر لە کارەکان لە ماڵەوە و بوارە جیاوازەکانی تردا. لە جیهاندا, وزەی کارەبا بە بەشێکی گرنگ لە وزە جۆراوجۆرەکان دادەنرێت کە لە جیهاندا بەکار دەهێنرێن. شایانی باسە کە کارەبا سەرچاوەی دووەمی وزەیە بەم واتایە کەوەک خەڵوز لە زەوی دەرناهێنرێت، بەڵکو لە سەرچاوەی وزەی سەرەتایی وەک خەڵوز، گازی سروشتی، کارلێکی ئەتۆمی، وزەی با، وزەی خۆر و ئەوانی تر وەردەگیرێت.

وزەی ڕاستەقینە : هەروەها پێی دەگوترێت (وزەی سیستەم) و نوێنەرایەتی بەرزترین بەرهەمی سیستەمێک یان چالاکی یان کارگەیەک دەکات کە چاوەڕوان دەکرێت بەرهەمهێنانی بە شێوەیەکی ڕاستەقینە لە بارودۆخی ئاساییدا بهێڵێتەوە.

وزەی دیزاینکراو: نوێنەرایەتی بەرزترین ڕێژەی بەرهەمەکان دەکات کە دەتوانرێت بەدەست بهێنرێت لەلایەن سیستەمێکی دیاریکراو، پرۆسە یان چالاکی لە ژێر بارودۆخی نمونەییدا کە ڕێگە بە تەرخانکردن یان جێگیرکردنی کاتە پێویستەکان نادات بۆ پاراستنی پێشگری و ئەم وزەیە هەندێک جار پێی دەوترێت (وزەی لوتکە).

توانای کارەبا: توانای کارەبایی بریتییە لە ڕێژەی گواستنەوەی وزەی کارەبایە لەناو بازنەیەکی کارەبایی بۆ هەر یەکەیەکی کات.

کرێکارەکان: هەموو ئەو کەسانەن کە ڕاستەوخۆ لە دامەزراوەکەدا کار دەکەن بە مووچە یان بەبێ مووچە هەرچەند کرێکارەکان خاوەنی دامەزراوەکە بن یان خێزانەکانیان یان کارمەندەکانیان.

موچە و کرێ: ئەو برە پارەیەیە کە لەلایەن دامەزراوەکە دەدرێت بە کرێکاران بەرامبەر بە کاتژمێری کارکردنیان.

خەرجییەکان: کۆی گشتی قەرەبووی کرێکاران و خەرجییەکانی دیکەیە کە بریتین لە سووتەمەنی، خزمەتگوزاری کارگێری، ڕۆن، نەوت و خزمەتگوزاری چاککردنەوە.

داهات : ئەو داهاتانە دەگرێتەوە کە لە ئەنجامی چالاکییەکانی دامەزراوەکە بەدەست دێت هەروەها ئەو داهاتەی کە ڕۆژانە وەردەگیرێت لەبەرامبەر کارکردنیدا دەگرێتەوە.

سامانی جێگیر لە ماوەی ساڵدا: پێناسە دەکرێت بە پێکهاتەکانی سەرمایە، ئەو هەبووە جێگیرانەن کە دامەزراوەکە بەدەستیهێناوە و لە ماوەی ساڵدا کرِیویەتی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە کاتی دانانی مۆلیدە نەک بە مەبەستی فرۆشتنیان، وەك مۆلیدەکان (بزوێنەر + بەرهەمهێنی کارەبا (تولید))، تانکی هەڵگرتنی (سووتەمەنی + ئاو)، ئامێرو مۆبیلیات.

بەرنامەی Open Data Kit (ODK) : بەرنامەیەکی یارمەتیدەرە بۆ بەرێوەبردنی کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی ئامێرە ئەلەکترونییەکانەوە (تابلێت, مۆبایل, لاپتۆپ). لەم ڕووپێوە تابلێت بەکارهێنرا بۆ کۆکردنەوەی داتاکان لە مەیدان.

# بەشی یەکەم

# ڕێبازی ڕووپێو

# بەشی یەکەم: ڕێبازی ڕووپێو

ئەم ڕاپۆرتە بە پێی مۆدێلی ستانداردی پێوەری ئاماری (**GSBPM**) ئامادەکراوە کە لە قۆناغەکانی خوارەوە پێکهاتووە هاتووە :

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆناغی دیار کردنی پێویستیەکان | قۆناغی داڕشتن | قۆناغی بنیاتنان | قۆناغی کۆکردنەوەی داتا | قۆناغی چارەسەرکردن | قۆناغی شیکرنەوە | قۆناغی بڵاوکرنەوە | قۆناغی ئەرشیف | قۆناغی هەڵسەنگاندن |

## قۆناغی دیارکردنی پێویستیەکان

ئەم قۆناغە وێستگەی دەستپێکی ڕووپێوی مۆلیدەکانە و قۆناغی یەکەمە بۆ دڵنیابوون لە بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی ڕووپێوەکە کە دەست گەیشتنە بەم زانیارییانەی خوارەوە:

- دابەشکردنی شوێنی مۆلیدەکان بەپێی پارێزگاکان
- ژمارەی کارمەندان
- بڕی داهات
- بەهای پێداویستی و سووتەمەنی
- بەهای هەبووە جێگیرەکان
- ژمارەی کاتژمێرەکانی کارپێکردنی مۆلیدەکان لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن
- بڕ و بەهای سووتەمەنی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن
- کاریگەرییە ژینگەییەکان

## قۆناغی داڕشتن

لەم قۆناغەدا کۆمەڵگەی ئاماری و چوارچێوەی نمونەی ڕووپێوەکە دیار دەکرێت و پرسیارنامەی ڕووپێو دادەڕێژرێت, هەروەها شێواز و ئامرازەکانی کۆکردنەوەی داتا و قەبارەی نموونەکە بە پێی شوێن دیار دەکرێت. گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم قۆناغە ئەمانەن:

## دیارکردنی کۆمەڵگەی ئاماری (شوێنی ڕووپێو)

کۆمەڵگەی ئاماری لە ڕووپێوی مۆلیدە کارەباییەکان بریتیە لە هەموو ئەو مۆلیدە تایبەتانەی کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و بەشدارن لە دابینکردنی کارەبا بۆ ماڵان و دوکانەکان و شوێنە بازرگانیەکان بە کرێیەکی دیاریکراو. ڕووپێوەکە داتاکانی ساڵی 2021 لە خۆدەگرێت و لە هەموو پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بە قەزاو ناحیەکانەوە ئەنجامدرا.

## کاری مەیدانی ڕووپێو

داتاکانی ڕووپێوەکە پشتی بەستووە بە کاری مەیدانی ڕووپێوی مۆلیدەکان بە بەکارهێنانی بەرنامەی ODK لەسەر تابلێتەکان لە ڕێگەی چاوپێکەوتنێکی کەسی لە لایەن تیمەکانی کاری مەیدانی لە هەموو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عێراق. بە مەبەستی ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوە, توێژەران ڕاهێنانیان پێکرابوو وە ئامادەکرابوون بۆ ئەنجامدانی کاری مەیدانی لە ژێر چاودێری سەرپەرشتیاری ناوەندی لە دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق و دەستەی ئاماری هەرێم.

## دیزاینکردنی پرسیارنامەی ڕووپێو

پرسیارنامەی ڕووپێوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی ئاماری پیشەسازی لە دەزگای ناوەندی ئاماری عێراق ئامادەکراوە و دیزاینی بۆ کراوە دوای گفتوگۆکردن لەگەڵ دەستەی ئاماری هەرێم و بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئامار لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێم، هەروەها تاقیکردنەوەی سەرەتایی پرسیارنامەکە ئەنجامدرا بە مەبەستی زانینی نیشاندەرە ئامارییە نوێیەکان لە کاری مەیدانی.

### بەشەکانی پرسیارنامە

پرسیارنامەکە لە بەشەکانی خوارەوە پێك دێت

زانیارییەکانی پێناساندنی مۆلیدە (شوێنی مۆلیدەکە)

وزەی کارەبا

پێداویستی و سووتەمەنی

ئاو و ژینگە

هەبووە جێگیرەکان

دوای پەسەندکردنی پرسیارنامەی ڕووپێوەکە، پرسیارنامەکە کرا بە شێوزای ئەلیکترۆنی کە دەتوانرێت مامەڵەی لەگەڵ بکرێت لە ڕێگەی سیستەمی پێشکەوتووی کۆکردنەوەی داتا (ODK) بە بەکارهێنانی تابلێت بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە:

- پێداچوونەوە بە کاری توێژەرانی مەیدانی.
- گەیشتن بەنمونە (شوێنی مۆلیدەکان) بە بەکارهێنانی نەخشە لە تابلێتەکە.
- زانیاری تەواو وەرگیروا بە کوالێتی بەرز بە بەکارهێنانی یاساکانی ووردبینی داتا.
- پەیوەندی بەردەوام لە نێوان گروپەکانی سەرپەرشتیاران بە ناردن و وەرگرتنی تێبینیەکان لەگەڵ توێژەری مەیدانی.

## چوارچێوەی ئاماری لە ڕووپێوی مۆلیدەکان

پرۆسەیەکی گشتگیر بۆ نوێکردنەوەی چوارچێوەی شوێنی مۆلیدەکانی کەرتی تایبەت ئەنجامدراوە کە کارەبا دابین دەکەن بەرامبەر بە کرێیەک لە پارێزگاکانی هەرێم. بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئامار لە پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان سەردانی ئەو لایەنە پەیوەندیدارەیان کرد کە مۆلیدەکان لێی تۆمارکراوە و ناو شوێن و ژمارە مۆبایل وەرگیرا بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ڕوپێوی مۆلیدەکان بە شێوازی نمونە.

## دیزاینی نموونە(سامپڵ)

- دیزاین و دانای پلانی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی یەکەکانی نموونە بۆ مەبەستی وەرگرتنی داتا.
- هەڵبژاردنی یەکەی نموونە.
- ئامادەکردنی شێوازی گونجاو بۆ هەڵبژاردنی یەکەی نموونە.
- دیاریکردنی داتای پێناسەکراوی پێویست ( البيانات الوصفية) بۆ جێبەجێکردنی چوارچێوەی ئامار و هەڵبژاردنی نموونەکە.

خشتەی (1) دابەشکردنی نموونەکە بە پێی پۆلێنەکان بۆ شوێنی مۆلیدەکان لە پارێزگاکان نیشان دەدات.

لە نەبوونی نیشاندەری تەکنیکی تایبەت بە دیاردەی مۆلیدەکان لە کەرتی تایبەتدا، پشت بە ڕێژەکان بەسترا بۆ پۆلێنی ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان لە هەر پارێزگایەک، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕێگایەکی گونجاو بە ڕێژەی زیاد و کەمی ژمارەی مۆلیدەکان لەهەر پارێزگایەك، پرۆسەی کێشکردنی داتاکان (وەزنکردن) لە هەر پارێزگایەك لە رووی کۆی ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان کرا، هەروەها ڕێژەی (3%) وەک وەڵامنەدانەوە (عدم استجابة) جێگیر کراوە.

خشتەی *1* :دابەشکردنی نموونە بەپێی گروپی ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان لەسەر بنەمای ژمارەی پارێزگاکان لە هەرێمی کوردستان

| ژ | گروپ | ژمارەی پارێزگاکان لە چوارچێوەی ژمارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| 1 | 800 و کەمتر | 1 | %18 |
| 2 | 801-1200 | 1 | %17 |
| 3 | 1201-1400 | 1 | %16 |

بۆ مەبەستی کاری مەیدانی، قەبارەی نمونەکە دەگۆڕدرێت بۆ نزیکترین ژمارەی تەواوی جووت وەك لە خشتەی (2) دابەشکردنی نموونەکە پیشان دەدات بەپێی ڕێژەی هەر پارێزگایەک.

خشتەی 2:دابەشکردنی نموونە بەپێی گروپی ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | کۆمەڵگە | ڕێژەی سەدی بۆ نمونە | نمونە(سامپل)ی گشتی |
|---|---|---|---|
| هەولێر | 1342 | 16% | 214 |
| سلێمانی | 1156 | 17% | 197 |
| دهۆك | 610 | 18% | 110 |
| کۆی گشتی | **3108 | | 520 |

* بە دابەشکردنی سامپڵەکە بەسەر کۆمەڵگادا هەژمارکراوە.
* * دوای ماوەی نوێکردنەوەی شوێنەکانی مۆلیدە، هەندێک شوێن تێکەڵکران، بەو پێیەی سەر بە هەمان خاوەنن .
* * *لیرە 35 شوێنی مۆلیدە لە قەزاکانی (شیخان و مخمور) لە سنووری ئیدارەی پارێزگای نەینەوا هەژمار کراوە کە لە لایەن هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبرێن .

## قۆناغی ڕێکخستن

ئەمە دوایین قۆناغی ئامادەکارییە پێش پرۆسەی سەردانیکردنی دامەزراوەکە و کۆکردنەوەی داتا، کە تیایدا ڕێوشوێنە پێویستەکان ئامادە دەکرێن.

## قۆناغی ڕاهێنان و کۆکردنەوەی داتا

دوای هەڵبژاردنی نموونەی ڕووپێوەکە و دیاریکردنی توێژەرانی مەیدانی, خولێکی ڕاهێنان ئەنجامدرا کە تیایدا توێژەران و سەرپەرشتیاران لە پارێزگاکانی عێراق و هەرێمی کوردستان بەشدار بوون و ئەو تیمە ئامادەکرا بۆ کاری مەیدانی و پرسیارنامەکەیان بۆ ڕوونکرایەوە و گفتوگۆیان لە بارەیەوە کرا, هەروەها چۆنیەتی تۆمارکردنی داتاکان بە پێی بەرنامەی ئامادەکراو بۆ بەشداربووان رونکرایەوە لە حوزەیران 2022.

## قۆناغی ڕێکخستن و چارەسەر کردنی داتا

1. جیاکردنەوە و ڕێکخستنی داتاکان بەشێوازی ڕیز، گرووپ یان پۆلێنی جیاواز.
2- پوختەکردنی داتا ووردەکان بۆ خاڵ یان داتای سەرەکی.
3- کۆکردنەوەی بەشێك لە داتاکان یان ڕێکخستنی ئەوانەی بەدوای یەکدادێن.
4- چارەسەرکردنی داتای ونبوو یان ناتەواو.
5- چارەسەرکردنی داتا نالۆژیکیەکان(نا مەنتیقی).
6. ڕێکخستن و نیشاندانی داتاکان و شیکردنەوەیان.

## لایەنی سوودمەندبوو لە داتای ڕووپێو:

1- وەزارەتی پلاندانان.
2- وەزارەتی کارەبا.
3- وەزارەتی نەوت.
4- وەزارەتی تەندروستی و ژینگە.
5- هەموو پارێزگاکان.
6- خوێندکارانی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.

خشتەی *3*:نیشاندەرە سەرەکیەکانی مۆلیدەکانی تایبەت کە لە هەرێمی کوردستان کار دەکەن

| ژ | ناوی نیشاندەر | بەهای نیشاندەر |
|---|---|---|
| 1 | کۆی گشتی شوێنی مۆلیدەکان | 3,108 |
| 2 | کۆی گشتی ژمارەی مۆلیدەکان | 7,354 |
| 3 | کۆی ژمارەی کارمەندان | 7,746 |
| 4 | ژمارەی کارمەندانی خوار تەمەن 18 ساڵ | 166 |
| 5 | کۆی بەهای کرێی ساڵانە (هەزار دینار) | 36,469,056 |
| 6 | ناوەندی کرێ (هەزار دینار) | 392 |
| 7 | ڕێژەی ئافرەتانی خاوەن مۆلیدە | 0.5 |
| 8 | ژمارەی هاوبەشان (سوودمەندەکان) | 1,311,598 |
| 9 | کۆی ژمارەی ئەمپێر | 5,290,169 |
| 10 | داهاتی بەدەستهاتوو لە ماوەی لوتکە (هەزار دینار) | 273,772,706 |
| 11 | داهاتی بەدەستهاتوو لە دەرەوەی ماوەی لوتکە (هەزار دینار) | 452,535,338 |
| 12 | کۆی گشتی داهات (هەزار دینار) | 726،308،043 |
| 13 | بڕی سووتەمەنی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکەدا (لیتر) | 311,250,569 |
| 14 | بڕی سووتەمەنی بەکارهاتوو لە دەرەوەی ماوەی لوتکە (لیتر) | 443,571,942 |
| 15 | کۆی بەهای سووتەمەنی لە ماوە و دەرەوەی ماوەی لوتکە (هەزار دینار) | 428,865,922 |
| 16 | بڕی ئەو ڕۆنەی کە لە ماوە و دەرەوەی ماوەی لوتکە بەکارهێنراوە (لیتر) | 6,764,743 |
| 17 | کۆی بەهای ڕۆنی بەکارهاتوو (هەزار دینار) | 26,050,079 |
| 18 | کرێی پاراستن و مانەوە (هەزار دینار) | 12,336,987 |

# بەشی دووەم:

# لایەنی مەیدانی ڕووپێو

# بەشی دووەم :لایەنی مەیدانی رووپێو

## ژینگەی شوێنی مۆلیدەکان

شوێنی مۆلیدە: ئەو شوێنەیە کە مۆلیدەیەك یان زیاتر لە مۆلیدەیەکی تێدایە و موڵکی خاوەن مۆلیدەکەیە و ئەرکی سەرەکی بریتیە لە دابین کردنی کارەبا بۆ هاونیشتمانیان (ماڵان، دوکان و شوێنە بازرگانیەکان).

پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە ئەم رووپێوە لە رێگای هەڵبژاردنی نمونە ئەنجامدراوە بۆیە ئەنجامەکان لە خشتەکاندا بەنزیککراوەیی ئاماژەیان پێدراوە.

ژینگەی کارکردنی مۆلیدەکان، تۆمارکردن و تۆمارنەکردنی شوێنی مۆلیدەکان لە لایەن لایەنی پەیوەندیدار دیار دەکرێت. یەکێك لە سوودەکانی تۆمارکردنی مۆلیدەکان بریتیە لە دابینکردنی بڕی سوتەمەنی مانگانە وە بڕەکەی جیاواز دەبێت بە گوێرەی بەرهەم هێنانی کارەبا، هەرچەندە لە هەرێمی کوردستان پاڵپشتی دابینکردنی سوتەمەنی بۆ مۆلیدەکان لە لەلایەن حکومەتەوە نەکراو جیاواز لەوەی لە پارێزگاکانی تری عێراق هەیە. هەروەها مۆلیدەکان بە تۆمارکراو دادەنرێت ئەگەر لە ئەنجومەنی شارەوانی لە پارێزگاکە تۆمارکرابێت.



بەگوێرەی چوارچێوەی ڕووپێو، ژمارەی گشتی شوێنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە 3,108 شوێن. بەگوێرەی دەرئەنجامەکان، لە هەرێمی کوردستان، 90%ی شوێنی مۆلیدەکان لە شارەکانە و 10% لە گوندەکانن. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر زۆرترین ژمارەی شوێنی مۆلیدەی هەیە کە ژمارەیان 1342 شوێنە کە 1239 لە شارن بەرێژەی (92%) و 103 شوێن لە گوندن بەرێژەی (8%). زۆرترین ڕێژەی شوێنی مۆلیدەکانی ئەهلی کە لە گوندن دەکەوێتە پارێزگای دهۆك بە ڕێژەی31% وەك لە خشتەی 4 ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی *4:* ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان بەگوێرەی پارێزگا و ژینگەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ژینگە | | | | کۆی شوێنی مۆلیدەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | شارنشین | | گوندنشین | | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % |
| دهۆك | 422 | 69% | 188 | 31% | 610 | 100% |
| سلێمانی | 1128 | 98% | 28 | 2% | 1156 | 100% |
| هەولێر | 1239 | 92% | 103 | 8% | 1342 | 100% |
| هەرێمی کوردستان | 2789 | 90% | 319 | 10% | 3108 | 100% |

## ژمارەی شوێنی مۆلیدە

**مۆلیدە(Generator):** یەکەیەکی کاری ئابوورییە و بەرهەمهێنەری وزەی کارەبایە کە پێکدێت لە (بزوێنەر +بەرهەمهێنەری کارەبا(تولید)). مۆلیدە قەوارەیەکی یاسایی و شوێنێکی جێگیری هەیە وە چالاکییەکی ئابووری دیاریکراو ئەنجام دەدات و لەلایەن کەسێک یان کۆمەڵێک کەسەوە خاوەندارێتی دەکرێت.

بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێو، لە هەرێمی کوردستان ژمارەی شوێنی مۆلیدەکانی تۆمارکراو بریتییە لە (3,028) شوێن، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر زۆرترین ژمارەی شوێنی مۆلیدەی تۆمارکراوی هەیە بریتیە لە (1338) و پارێزگای سلێمانی ژمارەی شوێنی مۆلیدە تۆمارکراوەکان بریتیە لە (1150) شوێن و لە پارێزگای دهۆك تەنها (540) شوێنی مۆلیدەکان تۆمارکراون. (خشتەی 5) باری تۆمارکردن و ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان بەگوێرەی پارێزگا و لەسەر ئاستی هەرێم ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی 5: ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان بەگوێرەی باری تۆمارکردن لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | باری تۆمارکردن* | | ژمارەی شوێنی مۆلیدەکان | ژمارەی مۆلیدەکان |
|---|---|---|---|---|
| | تۆمارکراو | تۆمارنەکراو | | |
| دهۆك | 540 | 70 | 610 | 1819 |
| سلێمانی | 1150 | 6 | 1156 | 1759 |
| هەولێر | 1338 | 4 | 1342 | 3776 |
| هەرێمی کوردستان | 3028 | 80 | 3108 | 7354 |

*تۆمارکردن بەشێوەیەکی گشتی بۆ شوێنی مۆلیدەکان کراوە نەك بۆ هەر مۆلیدەیەك.

## چالاکی کارپێکردنی مۆلیدەکان بە گوێرەی ساڵانی کارکردنیان

سەبارەت بە کارپێکردنی مۆلیدەکان، ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان ئاماژە بەوە دەدات کە لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکانەوە (1992-2000) بەهۆی ئەو بارو دۆخەی کە عێراق پێیدا تێدەپەڕی وەک (سەقامگیری لە دابینکردنی کارەبا، ژمارەی دانیشتوان، سەختی هاوردەکردنی ئامێر و کەرەستەی خاو...هتد) مۆلیدەکان چالاک نەبوو.

کۆی گشتی شوێنی کارپێکردنی مۆلیدە ئەهلییەکان لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی نەوەدەکانەوە (107) شوێن بووە، بەڵام لە ماوەی نێوان (2001-2021) ئەم شوێنانە ژمارەیەکی پێوانەییان لە زۆربەی پارێزگاکان تۆمارکرد بەهۆی ئەو هەلومەرجەی کە عێراق و هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەڕی لە ڕووی زیادبوونی قەبارەی دانیشتوانەوە، ئەمە جگە لەوەی کە پێدانی کارەبای نیشتیمانی لەو ئاستەدا نەبوو. لە ساڵی 2021، کۆی ژمارەی شوێنەکانی کارپێکردنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە 3،108 شوێن وەك ئەوەی لە شێوە 2 پێشان دراوە.

شێوەی 1:ساڵی دەستپێکردنی کار بە مۆلیدەکان و ژمارەی مولیدەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی نێوان (1992-2021)




## ژمارەی مۆلیدەکان بەپێی وولاتی دروست کردنیان

**وولاتی دروست کردن:** ئەو وولاتەیە کە (مۆلیدەی کارەبایی) لێ بەرهەمدەهێنرێت. لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان و ووزەی کارەبا دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان، زۆرترین مۆلیدەی هاوردەکراو، دروستکراوی وولاتی سویدن کە ژمارەیان (4821) بە ڕێژەی (66%)، دوای ئەو وولاتی ئەلمانیا دێت کە ژمارەی( 997) مۆلیدەیە بەڕێژەی (14%)، ژمارەی مۆلیدەی دروستکراوی وولاتی بەریتانیا بریتییە لە (712) مۆلیدە و بەڕێژەی (10%) دێت. مۆلیدەی دروستکراوی وولاتی یابان کەمترینیانە کە ژمارەیان تەنها (7) مۆلیدەیە بە ڕێژەی (0.1%). خشتەی خوارەوە ژمارەی مۆلیدەکان بەپێی وولاتی دروست کردنیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان روون دەکاتەوە.

خشتەی 6: ژمارەی مۆلیدە تایبەتەکانی هاوردەکراو بۆ هەرێمی کوردستان بەگوێرەی پارێزگا و وولاتی بەرهەمهێنەر

| پارێزگا | وولاتی دروست کردنی مۆلیدە | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سوید | ئەڵمان | بەریتانیا | ئەمریکا | روسیا | ئیتاڵیا | کۆریا | سین | فرەنسا | یابان |
| دهۆک | 608 | 654 | 122 | 143 | | 6 | | 38 | 6 | |
| سلێمانی | 1114 | 73 | 371 | 139 | | 18 | 7 | 7 | 11 | |
| هەولێر | 3099 | 270 | 219 | 28 | 12 | 27 | | 27 | 25 | 7 |
| هەرێمی کوردستان | 4821 | 997 | 712 | 310 | 12 | 51 | 7 | 72 | 42 | 7 |

## بۆردی چاودێری (دابەشکردن)

بۆردی چاودێری بریتیە لە سندوقێکی ئەلیکترۆنی دەرەکی یان ناوەکی کە هەندێک سرکێت (الجوزات)ی تێدایە وە هەر پارچەیەك بەستراوەتەوە بە بەکارهێنەرێك و لەلایەکی ترەوە بە مۆلیدە. هەروەها ئەم سندوقە ئەلیکترۆنییە (بۆرد) بارگرانی لەسەر خاوەنی مۆلیدەکە کەم دەکاتەوە کاتێک کە گۆڕانکاری (هەڵکشان و داکشانی ووزە) لە دابینکردنی کارەبادا هەیە سەرەڕای بە بێ زیان گەیاندن بە ئەمپێری کارەبایی کە دەدرێتە بەکاربەران (ماڵان، دوکان و شوێنە بازرگانیەکان).

وێنەی خوارەوە یەکێك لە بۆردی چاودێری ڕوون دەکاتەوە لە کاتی کارکردنی مۆلیدە.



لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکانی ووزەی کارەبا دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان ژمارەی ئەو شوێنانەی بۆردی چاودێری دەرەکییان هەیە (598) شوێنە و ئەوانەی بۆردی چاودێری ناوخۆییان هەیە (2002) شوێنە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر ژمارەی ئەو شوێنانەی بۆردی چاودێری دەرەکییان هەیە (169) شوێنە بەرێژەی (28%) و ئەوانەی بۆردی چاودێری ناوخۆییان هەیە (1056) شوێنە بە ڕێژەی (53%) لە کۆی ئەو شوێنانەی کە بۆردی چاودێریان هەیە. پارێزگای سلێمانی، ژمارەی ئەو شوێنانەی بۆردی چاودێری دەرەکییان هەیە (390) شوێنە بە ڕێژەی (65%) و ئەوانەی بۆردی چاودێری ناوخۆییان هەیە (406) شوێنە بەرێژەی (20%) لە کۆی ئەو شوێنانەی کە بۆردی چاودێریان هەیە. پارێزگای دهۆك، ژمارەی ئەو شوێنانەی بۆردی چاودێری دەرەکییان هەیە (39) شوێنە بە ڕێژەی (7%) و ئەوانەی بۆردی چاودێری ناوخۆییان هەیە ( 540) شوێنە بە ڕێژەی(27%) لە کۆی ئەو شوێنانەی کە بۆردی چاودێریان هەیە. خشتەی خوارەوە ژمارە و ڕێژەی بۆردی چاودێری شوینی مۆلیدەکان لە سەر ئاستی پارێزگا و هەرێم ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی 7: شوێنی بۆردی چاودێری (دەرەوەی مۆلیدە، ناوخۆی مۆلیدە، هەردووکیان) بۆ مۆلیدە لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | پانێلی کۆنترۆل | | | | | | کۆی شوێنی مۆلیدەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەرەوەی مۆلیدە | | ناوخۆیی مۆلیدە | | دەرەوە و ناوخۆیی مۆلیدە | | |
| | ژمارە | % | ژمارە | % | ژمارە | % | |
| دهۆك | 39 | 7% | 540 | 27% | 31 | 6% | 610 |
| سلێمانی | 390 | 65% | 406 | 20% | 360 | 71% | 1156 |
| هەولێر | 169 | 28% | 1056 | 53% | 117 | 23% | 1342 |
| هەرێمی کوردستان | 598 | 100% | 2002 | 100% | 508 | 100% | 3108 |

**کارمەند:** کرێکاران لە هەر کەرتێکی ئابووریدا کۆمەڵەکەیەکی گرنگ و سەرەکین بۆ پێشکەوتنی ئەو کەرتە. هەروەك کەرتەکانی تر. بەشداریکردنی کرێکاران لە چاڵاکی بەرهەمهێنانی کارەبا هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی بێکاری لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا، بەڵام ئەم بەشدارییە لە کەرتی مۆلیدەکان ڕێژەیەکی زۆر پێك ناهێنێت. مۆلیدەکان پێویستیان بە هێزی مرۆیی هەیە لەم بوارانەی خوارەوەدا:

1 - کارپێکردن
2 - پاراستن و چاککردنەوە
3 - سووتەمەنی
4 - دانان و بەستنەوەی وایەری کارەبایی بۆ بەکاربەران

## ژمارەی گشتی کارمەندان (عێراقی و ناعێراقی)

لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان و ووزەی کارەبا دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان ژمارەی گشتی ئەو کارمەندانەی لە بواری مۆلیدەکاندا کاردەکەن بەکارە جیاوازەکانی وەك (کارپێکردن، چاککردن و پاراستن، پێدانی کارەبا، پاسەوان و بەڕێوەبردن) بریتیە لە (7746) کارمەند. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای هەولێر ژمارەی گشتی ئەو کارمەندانەی لە کەرتی مۆلیدەکان کاردەکان بریتیە لە (3908) کارمەند کە (3776) کارمەند عێراقین و (132) کارمەند ناعیراقین . لە پارێزگای سلێمانی، ژمارەی کارمەندان بریتیە لە (2040) کارمەند کە (2026) کارمەند عێراقین و (14) کارمەند ناعێراقین . لە پارێزگای دهۆك، ژمارەی کارمەندان بریتیە لە (1798) کارمەند و (1722) لە کارمەندەکان عێراقین و (76) کارمەند ناعێراقین وەك لە خشتەی 8 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 8: ژمارەی کارمەندان (عێراقی و نا عێراقی) لە کەرتی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ژمارەی کارمەندان | | کۆی ژمارەی کارمەندان |
|---|---|---|---|
| | عێراقی | ناعێراقی | |
| دهۆك | 1722 | 76 | 1798 |
| سلێمانی | 2026 | 14 | 2040 |
| هەولێر | 3776 | 132 | 3908 |
| هەرێمی کوردستان | 7524 | 222 | 7746 |

بەڵام لەسەر ئاستی گرووپی تەمەنی کارمەندان لە هەرێمی کوردستان، ژمارەی ئەو کارمەندانەی لە گرووپی تەمەنی کەمتر لە 18 ساڵین 166کارمەندە. ئەم ژمارە ئەو کەسانەن کە وازیان لە خوێندن هێناوە یان لە دوای لە کاتی خوێندن کاردەکەن. هەروەها ئەو کارمەندانەی تەمەنیان لە (65ساڵ زیاترە) (84) کارمەندە وەك لە خشتەی 9 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی *9:*گرووپی تەمەنی کارمەندانی عێراقی لە کەرتی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | گرووپی تەمەنی کارمەندان | | | | | کۆی ژمارەی کارمەندان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | 18< | 29- 18 | 45- 30 | 65- 46 | 65> | |
| دهۆك | 39 | 712 | 774 | 161 | 36 | 1722 |
| سلێمانی | 55 | 823 | 861 | 275 | 12 | 2026 |
| هەولێر | 72 | 1341 | 1894 | 433 | 36 | 3776 |
| هەرێمی کوردستان | 166 | 2876 | 3529 | 869 | 84 | 7524 |

شێوەی 2:گروپی تەمەنی کارمەندانی عێراقی لە کەرتی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان




## کرێی پێدراو

**کرێ:** چەمکێکی ڕێژەییە کە بەپێی ڕوانگەی کارمەند یان خاوەنکار دەگۆڕێت. بۆ کارمەند ئەو بڕە کرێیەیە کە بۆ ماوەیەکی کاتی وەردەگیرێت، بەڵام بۆ خاوەنکار، کرێ ئەو بڕە پارەیەیە کە دەبێت بدرێت بەرامبەر ئەو کارەی دەیکات. ئەو کرێیەی دەدرێت بە کارمەند(کرێکار) لەکەرتە ئابوورییە جیاوازەکاندا دەبێتەی هۆی باشتر کردنی ئاستی بژێوی ژیانی تاکەکەس و ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە گۆڕینی چەرخی ئابووری بەگشتی.

لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان و ووزەی کارەبا دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان، بەهای کرێی خەرجکراوی ساڵانەی کارمەندانی (عێراقی و ناعێراقی) بریتیە لە نزیکەی (36.496) ملیار دیناری عێراقی، لە نێویاندا نزیکەی (34.943) ملیار دینار کرێی کارمەندانی عێراقیە بەڕێژەی ( 95.8%) لە کۆی کرێی کارمەندان و نزیکەی (1.525) ملیار دینار کرێی کارمەندانی ناعیراقین بە ڕێژەی(4.2%).

هەروەها لە هەرێمی کوردستان، ناوەندی کرێی مانگانە بۆ هەر کارمەندێک (عێراقی و ناعێراقی) ب (392) هەزار دینارە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای دهۆك ناوەندی کرێی مانگانە بۆ هەر کارمەندێک (عێراقی و ناعێراقی) (459)هەزار دینارە کە زۆرترینیانە. دواتر پارێزگای سلێمانی دێت کە ناوەندی کرێی مانگانە بۆ هەر کارمەندێک (ناعێراقی) (377) هەزار دینارە. بەڵام پارێزگای هەولێر کەمترینی تۆمارکردووە لە ناوەندی کرێی هەر کارمەندێک (ناعێراقی) کە بڕەکەی (370) هەزار دینارە. (خشتەی خوارەوە) بەهای کرێی ساڵانەی خەرجکراوی کارمەندان (عێراقی و ناعێراقی) و ناوەندی کرێ لە کەرتی مۆلیدەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و هەرێم ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی *10:* بەهای کرێی ساڵانەی بەخشراوی کارمەندان (عێراقی و ناعێراقی) و ناوەندی کرێ لە کەرتی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان (هەزار دینار)

| پارێزگا | عێراقی | | ناعێراقی | | کۆی ژمارەی کارمەندان | کۆی کرێی ساڵانە | ناوەندی کرێی کارمەند بۆ یەک مانگ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارە | بە های کرێی ساڵانە | ژمارە | بە های کرێی ساڵانە | | | |
| دهۆك | 1722 | 9,330,942 | 76 | 567380 | 1798 | 9,898,322 | 459 |
| سلێمانی | 2026 | 9,113,726 | 14 | 102420 | 2040 | 9,216,146 | 377 |
| هەولێر | 3776 | 16,498,777 | 132 | 855810 | 3908 | 17,354,588 | 370 |
| هەرێمی کوردستان | 7524 | 34,943,445 | 222 | 1,525,610 | 7746 | 36,469,056 | 392 |

شێوەی 3:ناوەندی کرێی مانگانەی کارمەند (عێراقی وناعێراقی) لە کەرتی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان




دەرئەنجامەکانی ڕووپێو ئاماژە بەوە دەکەن کە هەندێك لە خاوەن مۆلیدەکان ڕاستەوخۆ کاردەکەن لە شوێنی کارکردنی مۆلیدەکان بەرامبەر بە وەرگرتنی کرێیەکی دیارکراو. لە هەرێمی کوردستان کۆی ژمارەی ئەو خاوەن مۆلیدانەی لە شوێنی مۆلیدەکان کاردەکەن (1,826) کەسە. لە کۆی ئەو خاوەن مۆلیدانەی کە کاردەکەن (177) وەك کارمەند بەرامبەر بەکرێ کار دەکەن.

لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لە پارێزگای هەولێر ژمارەی ئەو خاوەن مۆلیدانەی لە شوێنی مۆلیدەکان کاردەکەن بریتیە لە (1,077) کارمەند، لە پارێزگای سلێمانی بریتیە لە (582) کارمەند و لە پارێزگای دهۆك (167) خاوەن مۆلیدە کاردەکەن وەك لە خشتەی خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی *11:* ژمارەی ئەو خاوەن مۆلیدانەی کاردەکەن (بەکرێ یان بەبێ کرێ) لە هەرێمی کوردستان

(هەزار دینار)

| پارێزگا | ئایا خاوەن مۆلیدە لەو شوێنە کاردەکات | | | بەکرێ یان بەبێ کرێ کاردەکات | | بەهای کرێی ساڵانە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی خاوەن مولیدە | کارناکات | کاردەکات | بەبێ کرێ کاردەکات | بەکرێ کاردەکات | |
| دهۆك | 610 | 443 | 167 | 140 | 27 | 151147 |
| سلێمانی | 1156 | 574 | 582 | 486 | 96 | 492925 |
| هەولێر | 1342 | 265 | 1077 | 1023 | 54 | 271106 |
| هەرێمی کوردستان | 3108 | 1282 | 1826 | 1649 | 177 | 915178 |

## بڕوانامەی خاوەن مۆلیدەکان

بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی مۆلیدەکان و ووزەی کارەبا دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان ئەوانەی لەم کەرتە کاردەکەن (خاوەن مۆلیدەکان) زۆرترینیان بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە. ئەم نیشاندەرە ئەوە دەردەخات کە کارکردن لە کەرتی مۆلیدەکان پێویستی بەبڕوانامەی دیارکراو نییە. ژمارەی ئەو خاوەن مۆلیدانەی بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە (1067) کارمەندە بەرێژەی( 34%). ئەو خاوەن مۆلیدانەی بڕوانامەی ناوەندیان هەیە ژمارەیان بریتیە لە (733) خاوەن مۆلیدە، هەروەها (652) کەسیان بێ بڕوانامەن وەك لە خشتەی 12 ڕوونکراوەتەوە.

## ڕەگەزی خاوەن مۆلیدەکان

ئافرەتان لایەنێکی گرنگن لە پەرەپێدانی کۆمەڵگادا و بەشداریکردنیان لە هێزی کار هۆکارێکی کاریگەرە لەگەشەی ئابووری. بەشداری ئافرەتان لە بازاڕی کاردا (کەرتی تایبەت) بە بەراورد بە پیاوان کەمترە بەهۆی داب و نەریتە باوەکانی کۆمەڵگاوە، جگە لەوەی کە هەندێك لە ئافرەتان نایانەوێت بە ناوە ڕاستەقینەکانیانەوە لە بازاری کار دەربکەون.

بە پێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی مۆلیدەکان ڕێژەی بەشداریکردنی ئافرەتان لەم بوارەدا بە نزیکەی (0.5%)ە لە هەرێمی کوردستان بە جۆرێك تەنها 14 ئافرەت خاوەندارێتی مۆلیدەکانی کارەبا دەکەن، وەك لە خشتەی 12 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 12:بڕوانامەی بەدەستهاتوو و ڕەگەزی خاوەن مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | بڕوانامەی بەدەستهاتووی خاوەن مۆلیدەکان | | | | | ڕەگەز | | کۆی گشتی شوێنی مۆلیدەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بێ بڕوانامە | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | زانکۆی و زیاتر | نێر | مێ | |
| دهۆك | 109 | 138 | 183 | 98 | 82 | 610 | 0 | 610 |
| سلێمانی | 118 | 558 | 284 | 89 | 107 | 1142 | 14 | 1156 |
| هەولێر | 425 | 371 | 266 | 118 | 163 | 1342 | 0 | 1342 |
| هەرێمی کوردستان | 652 | 1067 | 733 | 305 | 352 | 3094 | 14 | 3108 |

## هەبووە جێگیرەکان

هەبووە جێگیرەکان وەک سەرمایەیەکی بەرجەستەی درێژخایەن پێناسە دەکرێت و بەکاردێت بۆ زیادکردنی داهات لە دامەزراوەکان و کۆمپانیاکاندا. یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی هەبووە جێگیرەکان بریتییە لە دابینکردنی قازانجی دارایی درێژخایەن بۆ کۆمپانیاکە و هەروەها تەمەنی هەبووە جێگیرەکان بە زیاتر لە ساڵێکە دەخەمڵێنرێت.

## زەوی بەکارهاتوو

لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستان لەکۆی گشتی (3108) شوێنی مۆلیدەکان (240) یان جۆری زەوییەکانیان موڵکن و (408) یان جۆری زەوییەکانیان کرێ یە و کرێی ساڵانەی شوێنی مۆلیدەکان زیاترە لە (1.411) ملیاری دیناری عێراقی. ئەوانەی جۆری زەوی هەرەمەکین (خۆڕایی) ژمارەیان (2121) زەویە، ڕووبەری زەوی بەکارهاتوو بۆ مۆلیدەکان بریتیە لە (576,226) م$^2$، وەك لە خشتەی 13 ئاماژەی پێکراوە.

## خاوەندارێتی زەوی

ئەو زەوییانەی کە مۆلیدەکان لەسەری کاردەکەن یەکێکە لە گرنگترین پێداویستیەکان کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کارەکانیان بەتایبەتی نرخەکانیان و ژمارەی ئەمپێرەکان کە بە مۆلیدەکانەوە بەستراوەتەوە. ئەگەر زەویەکە موڵکی خاوەنی مۆلیدەکە بێت، ئەوا کۆی تێچووەکان لەسەر شانی کەم دەبێتەوە و بەم شێوەیە هەست بە جۆرێک لە جێگیری دەکات لە کارەکەیدا.

**زەوی خاوەندار:** بەپێی یاسای تۆمارکردنی خانووبەرەی عێراقی، ئەو زەوییەیە کە تاکەکان مافی تەواوی خاوەندارێتییان هەیە و هەموو سوود و مافەکانیان بۆ دەگەڕێتەوە، هەروەها پێیان دەوترێت زەوی خاوەندارێتی کەسی.

**كرێی زەوی:** بەشێوەیەكی گشتی گرێبەستێكە لەنێوان دوولایەندا دەكرێت و خاوەنی موڵكەكە مافی ئەوەی هەیە بڕێكی پارەی پێشوەختە وەربگرێت. جۆری زەوییەكان بۆ كرێ دەگۆڕێت بەپێی جۆری موڵكەكە و ماوەی گرێبەستەكە، لەوانەیە ڕۆژانە، هەفتانە، مانگانە یان ساڵانە بێت بە گوێرەی ڕێككەوتن دەبێت.

لەلایەكی ترەوە جۆری زەوییەكە كاریگەری دەبێت لەسەر خاوەن مۆلیدەكان، نزیكەی (68%) لە جۆری زەوییەكان خۆڕاین و نزیكەی (13%)ی زەویەكان بەكرێ گیراون بۆ مۆلیدەكان.

سەبارەت بە ڕووبەری زەوی بەكارهاتوو بۆ مۆلیدەكان، لە هەرێمی كوردستان ڕووبەرێكی زیاتر بۆ هەر مۆلیدەیەك بەكار هاتووە بەراورد بە پارێزگاكانی تری عێراق.

وێنەی خوارەوە شوێنی یەكێك لە مۆلیدەكان لە هەرێمی كوردستان ڕوون پێشان دەدات



خشتەی 13:خاوەندرایەتی زەوی بۆ شوێنی مۆلیدە تایبەتەكان و ڕووبەری بەكارهاتوو لە هەرێمی كوردستان

| پارێزگا | جۆری زەوی | | | | كۆی گشتی شوێنی مۆلیدەكان | تێچووی كرێ ساڵانە(هەزار دینار) | ڕووبەری بەكاهاتوو(م²) | ناوەندی ڕووبەری بەكارهاتوو بۆ هەر شوێنی مۆلیدەیەك(م²) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | موڵك | كرێ | خۆڕایی/ هەرەمەكی | هی تر | | | | |
| دهۆك | 29 | 78 | 503 | 0 | 610 | 405,578 | 161,186 | 264 |
| سلێمانی | 29 | 165 | 623 | 339 | 1،156 | 451,295 | 159,822 | 138 |
| هەولێر | 182 | 165 | 995 | 0 | 1،342 | 554,772 | 255,218 | 190 |
| هەرێمی كوردستان | 240 | 408 | 2،121 | 339 | 3,108 | 1,411,645 | 576,226 | 185 |

# ووزەی کارەبا



ووزە بە شێوەیەکی گشتی بە توانای ئەنجامدانی کارێك پێناسە دەکرێت و چەندین جۆری هەیە و گرنگترینیان وزەی کارەباییە کە دەتوانرێت بە ئاسانی بەکار بهێنرێت و بگۆڕێت بۆ شێوەکانی تری ووزە، بەڵام ناتوانرێت برێکی زۆری لێ خەزن بکرێت، ئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە چەندین نیشاندەری تایبەت بە وزەی کارەبایی نیشان دەدات لە وانە:

## ژمارەی بەشداربوانی کارەبای مۆلیدەکان

لە هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی بەشداربوانی کارەبای مۆلیدەکان بریتیە لە ( 1,311,598) هاوبەش، لەسەر ئاستی پارێزگاکان، پارێزگای سلێمانی زۆرترین هاوبەشی هەیە کە ژمارەیان (502,220) هاوبەشە بە ڕێژەی (38%). ژمارەی هاوبەشان لە پارێزگای هەولێر بریتیە لە (461,993) هاوبەش بە ڕێژەی (35%) ، کەمترین هاوبەش لە پارێزگای دهۆکە کە ژمارەیان (347,385) هاوبەشە بە ڕێژەی نزیکەی (27%) دێت لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان.

سەبارەت بە کۆی گشتی ئەمپێرەکانی کارەبای مۆلیدەکان، لە ساڵی 2021 لە هەرێمی کوردستان (5,290,169) ئەمپێر کارەبا دراوە بەبەشداربووان، هەروەها ئەو مۆلیدانەی کارەبایان بەخۆڕای داوە بە شوێنەکانی وەك مزگەوت، قوتابخانەکان ،هەندێك لە خانووکانی نزیك شوێنی مۆلیدەکان وە یاخود بە هۆی نزیکی و خزمایەتیان بریتیە لە (2,928) مۆلیدە، لە هەمان کاتدا (180) خاوەن مۆلیدە هیچ هاوبەشێکی خۆڕاییان نیە.

ژمارەی هاوبەشانی خۆڕایی بریتیە لە (55,125) هاوبەش کە بڕی (224,237) ئەمپێر دراوە بە هاوبەشانیان بە جۆرێك پارێزگای سلێمانی زۆرترین ژمارەی هاوبەشی خۆڕایی هەیە.

جیاوازی لە ژمارەی بەشداربووان بەپێی پارێزگاکان دەتوانرێت بە چەند هۆکارێك ببەسترێت، لەوانە:

1 - ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك،
2 - دابینکردنی کارەبای نیشتمانی،
3 - باری ئابووری خێزان و تاکەکان بەپێی پارێزگا،
4 - بوونی ئەو ناوچانەی کە پشت بە کارەبای مۆلیدەکان نابەستن، بەڵکو پشت دەبەستێت بە مۆلیدەی تایبەتی خۆیان،
5 -بوونی شوێنە بازرگانییەکان،

خشتەی خوارەوە ژمارەی هاوبەشان و ئەمپێرەکان لەسەر ئاستی پارێزگاکان و هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە،

خشتەی 14:کۆی ژمارەی هاوبەشان و ئەمپێری دراو بە هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021

| پارێزگا | کۆی ژمارەی هاوبەشان | کۆی ژمارەی ئەمپێر | ئایا هاوبەشی خۆڕایت هەیە؟ | | ژمارەی هاوبەشانی خۆڕایی | ژمارەی ئەمپێری خۆڕایی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بەڵێ | نەخێر | | |
| دهۆك | 347,385 | 1,542,310 | 580 | 30 | 14,049 | 63,662 |
| سلێمانی | 502,220 | 1,670,835 | 1,123 | 33 | 21,439 | 67,695 |
| هەولێر | 461,993 | 2,077,024 | 1,225 | 117 | 19,637 | 92,880 |
| هەرێمی کوردستان | 1,311,598 | 5,290,169 | 2,928 | 180 | 55,125 | 224,237 |

## دیزاین و توانای بەکارهێنان

توانای دیزاینی مۆلیدە کارەباییەکان ئاماژەیە بۆ کارکردن لە ژێر مەرجی نموونەیی بۆ ئەوەی:

**100KV= (350-420) A**

ئەو مەرجە نموونەییانەی کاریگەرییان هەیە لەسەرکارپێکردنی مۆلیدەکان بریتین لە:

1. بەرزی ئاستی دەریا (پەستانی هەوا)،
2. پلەی گەرمی بەرز،
3. شێوازی دامەزراندن،
4. کوالێتی سووتەمەنی کە لەلایەن خاوەن مۆلیدەکانەوە بە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان دادەنرێت.

لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان و ووزەی کارەبا دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان کۆی توانای ئەو مۆلیدانەی کاردەکەن بریتیە لە (2,865,934 K.V) بەڵام مۆلیدەکان تەنها ڕێژەی (53%) لە تواناکانیان بەکار هێناوە بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا لە هەرێمی کوردستان. خشتەی خوارەوە توانای بەکارهاتوو لە توانای دیارکراوی مۆلیدە تایبەتەکان لەسەر ئاستی پارێزگا و هەرێم ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی 15: توانای بەکارهاتوو لە توانی دیارکراوی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (K . V)

| پارێزگا | توانای مۆلیدە | توانای بە کارهاتوو | ڕێژەی توانای بەکارهاتوو |
|---|---|---|---|
| دهۆک | 771,719 | 416,328 | 54% |
| سلێمانی | 757,935 | 433,563 | 57% |
| هەولێر | 1,336,280 | 683,241 | 51% |
| هەرێمی کوردستان | 2,865,934 | 1,533,132 | 53% |

## تێکڕای ژمارەی کاتژمێرەکانی کارپێکردن و تێکڕای نرخی ئەمپێر

لە ڕوانگەی سروشتی، کەش و هەوای هەرێمی کوردستان بە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە هاویندا و نزمی لە زستاندا ناسراوە. کاری مۆلیدە تایبەتەکان پەیوەندییان بەسروشتی کەش و هەوا هەیە و نرخی ئەمپێر لە نێوان پارێزگاکاندا دەگۆڕێت و تەنانەت لە ئاستی یەک ناوچەدا دەگۆڕێت و ئەم جیاوازییە لە نرخەکاندا بەهۆی چەند هۆکارێکەوەیە لەوانە:

1 - ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن.
2 - تاچ ڕادەیەک خاوەن مۆلیدەکان پابەند دەبن بەو نرخانەی کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە دیاریکراون.
3 - بارودۆخی ئابووری خێزانە سوودمەندەکان.
4 - هەبوونی سووتەمەنی بە نرخی پالپشتیکراو و نرخی بازاڕ.

کارکردنی مۆلیدەکان دابەشکراوە بۆ ماوەی لوتکەی کارکردن و دەرەوەی لوتکەی کارکردن کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە:

**لوتکەی کارکردن**: واتە ئەو ماوەیەی کە کاری مۆلیدەکان زۆر چڕە و زیاتر کاردەکەن و پێویستیان بە کارپێکردنی پانکە و ئامێرەکانی هەواگۆڕکێ و سارکردنەوە هەیە و زۆربەی کات لە مانگی نیسانەوە دەست پێدەکات و لە مانگی تشرینی یەکەم کۆتایی دێت و لێرەدا باری سەر سیستەمی کارەبای حکومەت زیاد دەکات کە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەیەکی بەرچاو لە کاتژمێرەکانی پێدانی کارەبای نیشتمانی و بەم شێوەیە خاوەن مۆلیدەکان ناچار دەکرێن پێداویستییەکانی هاوڵاتیان بۆ کارەبا پڕبکەنەوە. بەپێی ئەنجامەکانی ڕووپێو، تێکڕای کارپێکردنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان لەم ماوەیەدا (9) کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا و هەرچەندە لەوانەیە (10) کاتژمێریش تێپەڕ بکات. پارێزگای سلێمانی بەراورد بە پارێزگاکانی هەولێر و دهۆك جیاواز دەبینرێت، چونکە تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن(8) کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا.

بەپێی بەردەستبوونی وزەی کارەبای نیشتمانی، تێکڕای دابینکردنی کارەبا لە ماوەیەک بۆ ماوەیەکی تر دەگۆڕێت، بۆیە تێبینی ئەوە دەکرێت کە هەندێک لە مۆلیدەکان لەوانەیە ڕۆژانە بۆ (20)کاتژمێر کار بکەن و لەهەندێ باردا کەم ببێتەوە بۆ (3) یان (4) کاتژمێر. جێگای ئاماژەیە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن و تێکڕای نرخی ئەمپێر. هەرچەندە کاتژمێری کارکردن زیاتربێت نرخی ئەمپێر بەرزتر دەبێت. بەپێی ئەنجامەکان، تێکڕای نرخ بۆ هەر ئەمپێرێک لە هەرێمی کوردستان (11) هەزار دینارە. لەسەر ئاستی پارێزگاکان، لە پارێزگای هەولێر (12) هەزار دینارە بەراورد بە هەردوو پارێزگای دهۆك و سلێمانی کە نرخی (10)هەزار دینارە بۆ هەر ئەمپێرێک لە مانگێکدا.

**دەرەوەی لوتکەی کارکردن**: ئەو ماوەیەیە کە لە مانگی تشرینی دووەمەوە دەست پێدەکات و لە مانگی ئازار کۆتایی دێت، تێبینی ئەوە دەکرێت کە تێکڕای دابینکردنی کارەبا لە هەرێمی کوردستان لە ڕۆژێکدا (9) کاتژمێر کارەبایە و لەو ماوەیەدا، جیاوازیەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت لە ماوەی نێوان لوتکەو دەرەوەی لوتکەی کارکردنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو بارو دۆخی ژینگەیەی کە هەیە لە هەرێم. بەڵام ئەم جیاوازیە لە پارێزگاکانی تری عێراق بەدی دەکرێت بە هۆی گۆڕانی کەش و هەوای ئەو ناوچانەوە. بۆ نمونە لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق تێکڕای کاتژمێری کارکردن لە ماوەی لوتکە (11) کاتژمێرە بەڵام لە دەرەوەی لوتکە تەنها (6) کاتژمێرە. بەڵام لە هەرێمی کوردستان بۆ هەردوو ماوەکە وەك یەکە تەنها (9) کاتژمێرە وەك لە خشتەی 16 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی *16:* تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن و نرخی ئەمپێر لە کاتی ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان و ناوەڕاست و باشووری عێراق

(هەزار دینار)

| پارێزگا | لە ماوەی لوتکە | | | | دەرەوەی ماوەی لوتکە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کاتژمێرەکانی کارکردن | | نرخی ئەمپێر | | کاتژمێرەکانی کارکردن | | نرخی ئەمپێر | |
| | تیکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن | کەمترین- زیاترین | ناوەندی نرخی ئەمپێر | کەمترین نرخ – زۆرترین نرخ | تیکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن | کەمترین- زیاترین | ناوەندی نرخی ئەمپێر | کەمترین نرخ –زۆرترین نرخ |
| دهۆك | 10 | 14- 6 | 10 | 17- 6 | 10 | 16- 3 | 12 | 20- 4 |
| سلێمانی | 8 | 14- 1 | 10 | 17- 2 | 8 | 12- 3 | 11 | 16- 4 |
| هەولێر | 10 | 16- 4 | 12 | 18- 5 | 9 | 17- 3 | 11 | 19- 5 |
| **هەرێمی کوردستان** | **9** | **16- 1** | **11** | **18- 2** | **9** | **17- 3** | **12** | **20- 4** |
| **ناوەڕاست و باشووری عێراق** | **11** | **20- 3** | **13** | **25- 4** | **6** | **20- 1** | **8** | **23- 2** |

## میکانیزمی هەژمارکردنی تێکڕای کارکردن لە هەرێمی کوردستان

لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو خاوەن مۆلیدەکانی ئاگادار کردۆتەوە بۆ دانانی ئامێرێکی ژماردن (ژمیریار) لە مۆلیدەکان کە ژمارەی کاتژمێر و خولەکەکان دەژمێرێت کە مۆلیدەکە تێیدا کاردەکات و دواتر هەموو خاوەن مۆلیدەکان وێنەی ئەو پێوەرانە دەنێرن کە کاتژمێرەکانی کارکردنی تێدایە لە ماوەی مانگدا و ئەم میکانیزمە پشت دەبەستێت بە هەژمارکردنی نرخی ئەمپێر لە نێوان قەزا و ناحیەکان. وێنەی خوارەوە یەکێك لە پێوەرەکان نیشان دەدات کە لە هەرێم بەکاردێت و تێکڕای نرخی سووتەمەنی لەبەرچاودەگرێت. ئەم میکانیزمە لە پارێزگاکانی تری عێراق بەکارناهێنرێت.


HOURS
00034426
H.M
RESET
HOURS
00033955
H.M
RESET

## داهات

هەموو ئەو داهاتە نەختینەیەیە کە لەئەنجامی پراکتیزەکردنی چالاکییە سەرەکییەکانی دامەزراوەکان بەدەست دەهێنرێت کەداهاتەکانی خزمەتگوزاری و چالاکی لاوەکیەکان لەخۆدەگرێت. بەپێی ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان، لە هەرێمی کوردستان داهاتی بە دەستهاتوو لە ماوەی لوتکەی کارکردن زیاترە لە 273 ملیار و 772 ملیۆن دینار و داهاتی بەدەستهاتوو لە دەرەوەی ماوەی لوتکەی کارکردن نزیکەی 452 ملیار و 535 ملیۆن دینارە. و کۆی گشتی داهاتی بەدەستهاتوو لە هەردوو ماوەکەدا زیاترە لە 726 ملیار دینار لەساڵی 2021. ئەمەش ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو داهاتەی لە کەرتی مۆلیدەکانەوە بەدەست دێت داهاتێکی زۆرە و پێویستە حکومەت چاو بەو سیاسەتانەدا بخشێنێتەوە کە بۆ کەرتی کارەبا داڕێژراون.

سەرەڕای ئەو داهاتە زۆرەی کە لەلایەن مۆلیدەکانەوە دەستدەکەوێت هاوڵاتیان(خێزانەکان و دوکانەکان) بڕە پارەیەکی زۆر دەدەن بە مەبەستی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری. لێرەدا پێویستمان بە وەستانێکی جددی هەیە لەلایەن حکومەتەوە بە مەبەستی کارکردن بۆ پەرەپێدانی کەرتی کارەبا و کەمکردنەوەی باری سەر هاوڵاتیان لەکاتی بەرزی پلەی گەرمی و زۆری نرخی ئەمپێری پێدراو لە لایەن خاوەن مۆلیدەکانەوە.

بەپێی دەرئەنجامەکان، داهاتی بەدەستهاتوو لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی زستاندا کە پێی دەڵێن دەرەوەی ماوەی لوتکەی کارکردن زیاترە لە داهاتی بەدەستهاتوو لە ماوەی هاوین کە پێی دەڵێن ( ماوەی لوتکەی کارکردن) ئەمەش بەهۆی کەشی ساردە لە پارێزگاکانی هەرێم کە هاوڵاتیان ناچار دەبن پشت بە ئامێری گەرمکەرەوەی کارەبایی ببەستن لە کاتی هەبوونی کارەبای نشتیمانی و حکومەت ناچارە کارەبای نشتیمانی کەم بکاتەوە و بە پێچاوەنەوە کاتژمێرەکانی کاری مولیدەکان زیاد بکاتەوە و هاوڵاتی ناچارە پارەیەکی زورتر بدات بۆ هەر ئامپێرەك وەك لە خشتەی خوارەوە ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی 17:داهات لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان

(هەزار دینار)

| پارێزگا | داهات لە ماوەی لوتکەی کارکردن | داهات لە دەرەوەی لوتکەی کارکردن | کۆی گشتی داهات |
|---|---|---|---|
| دهۆك | 68,454,600 | 151,502,715 | 219,957,315 |
| سلێمانی | 84,193,081 | 131,966,882 | 216,159,962 |
| هەولێر | 121,125,025 | 169,065,741 | 290,190,766 |
| هەرێمی کوردستان | 273,772,706 | 452,535,338 | 726,308,043 |

## پێداویستییەکان و سووتەمەنی

سیستەمی سووتەمەنی پێکهاتەیەکی گرنگی مۆلیدەیە و بەبێ سووتەمەنی بزوێنەرەکە شکست دەهێنێت لە کارکردن، ئەمە مانای ئەوەیە کە دەبێت سووتەمەنی بە کوالێتی باش و بەپێی پێویست لە مۆلیدەکەدا بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی مۆلیدەکە بەشێوەیەکی باش کاربکات و دەبێت بەرلەوەی مۆلیدە کار پێبکرێت پشکنینی شوێنی سووتەمەنیەکە بکرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە هەربەشێك بەشێوەیەکی باش کاردەکات و هیچ هەڵەیەك یان بەربەستێك لە هێڵەکانی سوتەمەنیدا نییە.

هەر مۆلیدەیەك تانکی سوتەمەنی تایبەت بەخۆی هەیە بەمەبەستی بەردەوامی کارکردن و دابینکردنی ووزەی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ووزەی کارەبا. لە مۆلیدەی کارەبایی کۆمەڵێک پارچەی سەرەکی هەن لەوانە کۆمەڵێک بۆڕی کە تانکی سووتەمەنی بە بزوێنەر دەبەستێتەوە و بۆڕی هەواگۆڕین و فلتەری سووتەمەنی و پەمپی سووتەمەنی و ئینجێکتەری سووتەمەنی. زۆرجار توانای تانکی سووتەمەنی مۆلیدەکان سووتەمەنی بۆ ماوەی 6-8 کاتژمێر دابین دەکات. لە مۆلیدەی بچووک، تانکی سووتەمەنی بەشێکە لە مۆلیدە یان لە بەشی سەرەوەی مۆلیدە دادەنرێت. بۆیە پێشنیار دەکرێت تانکی سووتەمەنی دەرەکی دابنرێت بۆ مۆلیدەکان.

## بەشە سووتەمەنی (پاڵپشتی حکومی بۆ مۆلیدەکان)

پاڵپشتی حکومی لە دابینکردنی سووتەمەنی بۆ مۆلیدەکان کاریگەریەکی باشی دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی نرخی کارەبا و هاندان دەبێت بۆ خاوەن مۆلیدەکان بۆ کاری باشتر. بەپێی دەرئەنجامەکانی ئەم ڕووپێوە، مۆلیدەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان هیچ پاڵپشتیەکی حکومیان نیە بە مەبەستی وەرگرتنی سووتەمەنی وەك لە خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە. لە هەرێمی کوردستان, کۆی سووتەمەنیەکە بە نرخی بازار دەکردرێت, هەرچەندە لە پارێزگاکانی تری عێراق حکومەت بەڕێژەیەکی باش سووتەمەنی بۆ مۆلیدەکان دابین دەکات سەرەرای هەرزانی نرخ بەراورد بە هەرێمی کوردستان.

خشتەی 18:بەشە سووتەمەنی وەرگیراو بۆ مۆلیدە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2021

| پارێزگا | ئایا بەشە سووتەمەنیت وەرگرتووە لە حکومەت | |
|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر |
| دهۆك | 0 | 610 |
| سلێمانی | 0 | 1156 |
| هەولێر | 0 | 1342 |

## بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕدراو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن

بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی مۆلیدەکانی کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی سووتەمەی بە کارهاتوو لە ماوەی لوتکەی کارکردن (311,250,568) لیترە و بە بەهای زیاتر لە 165 ملیار دینار کڕدراوە، هەروەها کۆی گشتی سووتەمەی بەکارهاتوو لە دەرەوەی لوتکە کارکردن (443,571,942) لیترە و بە بەهای نزیکەی 263 ملیار و 755 ملیۆن دینارە. خشتەی (19) بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕدراو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن بۆ مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە.

*خشتەی 19:بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕدراو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن بۆ مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان*

(هەزار دینار)

| پارێزگا | بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕاو لە کاتی ماوەی لوتکە | | بڕ و بەهای سووتەمەنی کڕاو لە دەرەوەی ماوەی لوتکە | |
|---|---|---|---|---|
| | بڕ (لیتر) | بەها | بڕ (لیتر) | بەها |
| دهۆک | 58,057,615 | 37,631,502 | 110,255,047 | 77,071,651 |
| سلێمانی | 103,347,883 | 52,093,571 | 139,852,947 | 80,929,360 |
| هەولێر | 149,845,071 | 75,385,891 | 193,463,948 | 105,753,947 |
| هەرێمی کوردستان | 311,250,569 | 165,110,964 | 443,571,942 | 263,754,958 |

خشتەی 20 ناوەندی نرخی گاز بە نرخی بازرگانی بۆ مۆلیدەکان نیشاندەدات لە هەرێمی کوردستان، کە بە گوێرەی ئەنجامەکانی رووپێو پارێزگای دهۆك لە دەرەوەی لوتکەی کارکردن بەرزترین ناوەندی نرخی هەیە بۆ گاز کە نرخەکەی 699 دینارە بۆ هەر لیترێك وەك لە خشتەی خوارەوە روونکراوەتەوە.

*خشتەی 20:*ناوەندی نرخی گاز بە نرخی بازرگانی بۆ مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (دینار)

| پارێزگا | ناوەندی نرخی گاز لە ماوەکانی کارکردنی مۆلیدەکان | |
|---|---|---|
| | ماوەی لوتکە | دەرەوەی ماوەی لوتکە |
| | ناوەندی نرخی بازرگانی | ناوەندی نرخی بازرگانی |
| دهۆك | 648 | 699 |
| سلێمانی | 504 | 579 |
| هەولێر | 503 | 547 |
| هەرێمی کوردستان | 530 | 599 |

## بڕ و بەهای (ڕۆن)ی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن

ڕون یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی مۆلیدە کە بۆ مەبەستی پاراستن و کارپێکردنی مۆلیدەکان بەکاردێت. بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی مۆلیدەکان، دەردەکەوێت لە هەرێمی کوردستان بڕی ڕونی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکەی کارکردن زیاترە لە 2 ملیۆن و 861 هەزار لیتر و بە بەهای زیاترە لە 10 ملیار و 943 ملیۆن دینار. هەروەها بڕی ڕونی بە کارهاتوو لە دەرەوەی ماوەی لوتکەی کارکردن زیاترە لە 3 ملیۆن و 903 هەزار لیتر بە بەهای زیاتر لە 15 ملیار دینار .
کۆی گشتی بڕی ڕونی بەکارهاتوو لە هەردوو ماوەکەدا زیاترە لە 6 ملیۆن و 764 هەزار لیتر بە بەهای نزیکەی 26 ملیار دیناری عێراقی لە ماوەی ساڵێکی کارکردنیان وەك لە خشتەی 21 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 21:بڕ و بەهای ڕونی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکە و دەرەوەی لوتکەی کارکردن لە هەرێمی کوردستان

(هەزار دینار)

| پارێزگا | ڕونی بەکارهاتوو لە ماوەی لوتکەی کارکردن | | ڕونی بەکارهاتوو لە دەرەوەی لوتکەی کارکردن | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڕ (لیتر) | بەها | بڕ (لیتر) | بەها | بڕ (لیتر) | بەها |
| دهۆك | 776,598 | 3,022,855 | 1,144,224 | 4,556,928 | 1,920,823 | 7,579,783 |
| سلێمانی | 576,276 | 2,267,295 | 797,325 | 3,265,052 | 1,373,601 | 5,532,347 |
| هەولێر | 1,508,250 | 5,653,686 | 1,962,069 | 7,284,263 | 3,470,319 | 12,937,949 |
| هەرێمی کوردستان | 2,861,125 | 10,943,836 | 3,903,618 | 15,106,243 | 6,764,743 | 26,050,079 |

## تێچووی گواستنەوەی سووتەمەنی کڕدراو

بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێوی مۆلیدەکان، کۆی گشتی تێچوی گواستنەوەی سووتەمەنی کڕدراو لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2021 بریتیە لە 335 ملیۆن و 393 هەزار دینار. هەرچەندە هەندێك لە خاوەن مۆلیدەکان بە پێی ڕێککەوتن کرێی گواستنەوەی سوتەمەنی دیاری دەکەن و هەندێکی تریش لە شوێنێك دەیکڕن و کرێی گواستنەوەی دەدەن وەك لە خشتەی 22 ڕوونکراوەتەوە.

## خەرجی پاراستن و چاککردن و خەرجیەکانی تر

چاککردنەوە پرۆسەیەکی بەردەوامە لە بەشەکانی ئامێر و کەلوپەلەکانی بەرهەمهێنان لەماوەی تەمەنی کارکردنیاندا، بۆیە گرنگیدان بە پاراستی ئامێرەکان سوودی دەبێت بۆ:

- بەردەوامی ئامێر و کەرەستەکان و دڵنیابوون لە کاری باش و بەردەوام و کاریگەری دەبێت لەسەر کوالیتی بەرهەمهێنان.
- کەمکردنەوەی ڕوودانی لەکارکەوتن کەدەبێتە هۆی زیانە ئابوورییەکان و کەمکردنەوەی بەرهەمهێنان لە ئەنجامدا وەستانی ئامێرەکان وتێچووی دووبارە چاککردنەوە.
- زیادکردنی تەمەنی کارکردنی ئامێرەکان ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی خەرجیەکان.
- سوودی دەبێت بۆ کارکردنی بەردەوامی جێگیر، بەم شێوەیە بارودۆخێکی جێگیر و سەلامەت لەشوێنی مۆلیدەکان زیاد دەکات .

خەرجییەکانی چاککردنەوە ئەمانە لەخۆ دەگرێت (گۆڕینی بزوێنەری مۆلیدە ، لەکارکەوتن بە شێوەیەکی گشتی، ...هتد). هەروەها خەرجییەکانی تر ئەمانە دەگرێتەوە (کرێی پاککردنەوە، باج و رسومات، ...هتد).

هەر بە پێی ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی تێچووەکان زیاترە لە 14ملیار و 909 ملیۆن دینار، کە دابەش دەبێت بەسەر خەرجی پاراستن و چاککردن، خەرجیەکانی تر و خەرجی گواستنەوەی سوتەمەنی. خەرجی پاراستن و چاککردنەوە نزیك دەبێتەوە لە 12 ملیار و 400 ملیۆن دینار و خەرجیەکانی تر نزیکەی 2 ملیار و 237 ملیۆن دینارە وەك لە خشتەی 22 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی *22:* خەرجیەکانی ساڵانەی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (هەزار دینار)

| پارێزگا | خەرجی بەردەوامی و چاککردنەوە | خەرجی تر | تێچووی گواستنەوەی سووتەمەنی کڕدراو | کۆی تێچووەکان |
|---|---|---|---|---|
| دهۆك | 1,965,896 | 556,903 | 206,955 | 2,729,754 |
| سلێمانی | 4,183,133 | 906,895 | 20,978 | 5,111,006 |
| هەولێر | 6,187,959 | 773,511 | 107,460 | 7,068,929 |
| هەرێمی کوردستان | 12,336,987 | 2,237,309 | 335,393 | 14,909,689 |

# کاریگەری مۆلیدەکان لەسەر ژینگە



## کاریگەری مۆلیدەکان لەسەر ژینگە

پیشەسازی وزەی کارەبا لقێکی گرنگە لە چالاکییە ئابوورییەکان و تایبەتمەندییە سروشتی و مرۆییەکان، وە ئەم پیشەسازییە بەجۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری دەبێت لەسەر ژینگە.

کاریگەری بەرهەمهێنانی کارەبا لەسەر ژینگە ئەو کاریگەرییەیە کە لە ئەنجامی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا دروست دەبێت. مۆلیدەکان بەشدارن لە گەیاندنی زیانێکی زۆر بە ژینگە لەوانە (ژاوەژاو، پاشماوەکانی ڕۆن و ئاو) ئەمەش بەهۆی سووتانی سووتەمەنی فڕێدانی گازی ژەهراوی وەک دووەم ئۆکسیدی کاربۆن. بەشێک لەو گازانە کە لە ئەنجامی سووتانی مادده خاوەکانەوە دروست دەبن دەبنە هۆی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی زەوی کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لە زیادبوونی گەرمبوونی جیهاندا هەیە. هەروەها ئەم سووتانە دەبێتە هۆی پیسبوونی بەرچاوی ئەو هەوایەی کە مرۆڤ و زیندەوەرانی دیکە هەڵی دەمژن و تەندروستییان دەخاتە مەترسییەوە.

## چەند چارەسەرێك بۆ کەمکردنەوەی زیانە ژینگەییەکانی مۆلیدەی کارەبا

- چاندنی دار و سەوزایی بۆ کەمکردنەوەی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن . یەک دار توانای هەڵمژینی یەک تۆن دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی هەیە.
- هۆشیاری لە بەکارهێنانی کارەبا بە ئەنجامدانی ووٚرک شۆپی هۆشیاری بۆ خەڵک و قوتابیان لە قوتابخانەکان کە ناوەڕۆکەکەی تایبەتە بە کەمکردنەوەی بەکارهێنانی کارەبا.
- گۆڕینی گڵۆپی ئاسایی بۆ ڕوناك کەرەوەی پێشکەوتوو کە کارەبای کەمتر بەکاردەهێنێت (ڕوناك کەرەوەی ئابووری).
- بەکارهێنانی وزەی نوێی جێگرەوە بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا وەک ( وزەی ئاو - وزەی با - وزەی خۆر).
- دانانی پلانی درێژخایەن بە مەبەستی ڕزگاربوون لە مۆلیدەکان و باشترکردنی دابینکردنی کارەبای نیشتمانی. ئەو مۆلیدانەی لە نێوان کۆڵانەکاندا دانراون، ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی ژاوەژاو و پیسبوونی ژینگە.

## سیستەمی ساردکردنەوەی مۆلیدەکان بە ئاو

ئاو یەکێکە لە پێداویستییە داواکراوەکان لە بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، هەروەها ئاو لە مۆلیدە کارەباییەکان بۆ مەبەستی ساردکردنەوە بەکاردێت، دوو شێواز هەیە بۆ بەکارهێنانی ئاو لە پرۆسەی ساردکردنەوەی مۆلیدەکاندا لەوانە:

**شێوازی ناوخۆیی:** لەم شێوازە، ئاوی سارد لە ڕێگەی پەمپێکی ئاووە دەخرێتە ناو بۆڕییەکانی ناو جەستەی بزوێنەرەوە و لە ئەنجامی جیاوازی پلەی گەرمیدا لە جەستەی بزوێنەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئاوی ڕژاو، دواتر ئاوەکە دەگوازرێتەوە بۆ ڕادیتەر و ئەم شێوازە پێویستی بە بڕێکی زۆر ئاو هەیە. هەر بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێو، دەرکەوتووە کە تەنها (4%)ی کۆی شوێنی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان ئاو بەکارناهێنن بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان.

**شێوازی دەرەکی:** ئەم شێوازە پێی دەوترێت (الشلال) شێوازی کراوە و کە باوترینیانە و بەپێی سەرچاوەی مۆلیدەکە دادەنرێت، هەروەها بڕی ئاوی بەکارهێنراو بەپێی پلەی گەرمی و ژمارەی کاتژمێرەکانی کارکردن دەگۆڕێت. لە خوارەوە نیشاندەرە سەرەکییەکان دەخەینەڕوو کە لە ڕووپێوەکەدا هاتووە سەبارەت بەو ئاوەی کە بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان بەکاردەهێنرێت، هەروەها سەرچاوە و شێوازەکانی ڕزگاربوون لێی.

## بڕی ئەو ئاوەی بۆ ساردکردنەوە بەکاردێت

بەکارهێنانی ئاو بۆ مەبەستی ساردکردنەوەی مۆلیدەکان پەیوەستە بە دروستکردنی مۆلیدەکەوە، لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکانەوە دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان، کۆی گشتی ژمارەی شوێنی ئەو مۆلیدانەی کە ئاو بەکاردەهێنن بۆ ساردکردنەوە بریتیە لە (2988) کە دەکاتە بە ڕێژەی (96%)، وە کۆی گشتی ژمارەی شوێنی ئەو مۆلیدانەی کە ئاو بەکارناهێنن بۆ ساردکردنەوە بریتیە لە (120) و بە ڕێژەی(4%) دێت. هەروەها بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکەرەوە لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە (1،154،391) م$^3$ وەك لە خشتەی 23 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی *23*:بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ئایا مۆلیدەکە پێویستی بەئاوە بۆ ساردکەرەوە | | | | کۆی شوێنی مۆلیدەکان | بڕی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکەرەوە لە ماوەی ساڵێك (م$^3$) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بەڵێ (ژمارە) | بەڵێ % | نەخێر (ژمارە) | نەخێر % | | |
| دهۆك | 542 | 89 | 68 | 11 | 610 | 181586 |
| سلێمانی | 1115 | 96 | 41 | 4 | 1156 | 726624 |
| هەولێر | 1331 | 99 | 11 | 1 | 1342 | 246182 |
| هەرێمی کوردستان | 2988 | 96 | 120 | 4 | 3108 | 1154391 |

## سەرچاوەی ئاو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان

ئاو یەکێکە لە پێداویستیە گرنگەکانی مۆلیدەکان کە بۆ مەبەستی ساردکردنەوە بەکاردەهێنرێت. خاوەن مۆلیدەکان پشت بە چەند سەرچاوەیەك دەبەستن بۆ بەکارهێنانی ئاو. ئەنجامەکانی ڕووپێو ئاماژەی بەوە کردووە کە ئاوی تۆڕی گشتی بەرزترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە لە نێوان ئەو سەرچاوە ئاوانەی کە بۆ مەبەستی ساردکردنەوە بەکاردەهێنرێن لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەیان (2،404) بە ڕێژەی (64%) دێت. هەروەها بەرێژەی (0.1%) شوێنی مۆلیدەکان ئەو ئاوەی بەکاردەهێنن نایاساییە، ژمارەی ئەوانەی ئاوی تەنکەر بەکاردەهێنن بریتیە لە (1042) بە ڕێژەی(28%) دێت و ئەو مۆلیدانەی کە سەرچاوەی ئاوی (بیر، هی تر) بەکاردەهێنن ڕێژەیەکی کەمی وەرگرتووە. لە هەرێمی کوردستان بەهای ئاوی تۆڕی گشتی زیاتر بووە لە (87) ملیۆن دیناری عیراقی و ئاوی تەنکەر بەهاکەی زیاترە لە (184) ملیۆن دیناری عیراقی وەك لە خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 24:سەرچاوەی ئاوی بەکارهاتوو بۆ ساردکردنەوەی مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان (زیاتر لە وەڵامێك)

| پارێزگا | سەرچاوەی ئاو | | | | | کۆی وەڵامەکان | بەهای ئاو (هەزار دینار) | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | تۆڕی گشتی | نایاسایی | بیر | تەنکەر | هی تر | | تۆڕی گشتی | تەنکەر |
| دهۆك | 483 | 0 | 63 | 184 | 0 | 730 | 33479 | 37774 |
| سلێمانی | 675 | 5 | 9 | 505 | 182 | 1376 | 19216 | 73807 |
| هەولێر | 1246 | 0 | 27 | 353 | 28 | 1654 | 35048 | 72671 |
| هەرێمی کوردستان | 2404 | 5 | 99 | 1042 | 210 | 3760 | 87742 | 184252 |

## ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ئاوی بەکارهاتوو

لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان و ووزەی کارەبا دەردەکەوێت، لە هەرێمی کوردستان، زیاتر لە نیوەی شوێنی مۆلیدەکان ڕێگای ئاوەڕۆ (مەجرا) بەکاردەهێنن بۆ ڕزگاربوون لە ئاوی ساردکەرەوەکانیان کە ژمارەیان (2،067)ە و بە ڕێژەی (69%) دێت، ئەو وەڵامانەی کە ووتراوە لە زەوی تەنیشت فڕێ دەدرێت ژمارەیان (604)ە و بە ڕێژەی(20%) دێت. ڕێگاکانی تر وەك (ساب تانك، ڕوبارو هیتر) کەمتر بەکاردەهێنرێن بەراورد بە ڕێگاکانی ترەوە وەك لە خشتەی 25 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 25: ڕێگاکانی ڕزگار بوون لە ئاوی بەکارهاتوو بۆ مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان (زیاتر لەوەڵامێك)

| پارێزگا | ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ئاوی بەکارهاتوو | | | | | کۆی وەڵامەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | مەزرا | زەوی تەنیشت | سبتك تانك | ڕووبار | هی تر | |
| دهۆك | 250 | 345 | 0 | 21 | 0 | 616 |
| سلێمانی | 779 | 113 | 0 | 5 | 147 | 1044 |
| هەولێر | 1038 | 146 | 122 | 20 | 18 | 1345 |
| هەرێمی کوردستان | 2067 | 604 | 122 | 46 | 165 | 3005 |

## سیستەمی گزۆز و بێدەنگکەر

گزۆز (الصالنصات) بە بەشێکی دانەبڕاو لە هەر مۆلیدەیەکی کارەبایی دادەنرێت، بەو پێیەی بەشدارە لە فڕێدانی (گاز، دەنگ و هتد). ئەو سیستەمە بەرپرسیارە لە فڕێدانی گازە دەرەکییەکان کە لە ئەنجامی کاری بەرهەمهێنانی وزە دروست دەبێت وەک یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن. سەبارەت بە بێدەنگکەر، ئامێرێکە بۆ کەمکردنەوەی ئەو ژاوەژاوەی کە لە بزوێنەری مۆلیدەکانەوە دەردەچێت.

وێنەی خوارەوە بەرگی دەرەوەی مۆلیدیەك نیشان دەدات.




بۆ زانینی ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی ژاوەژاوی مۆلیدەکان و ئەو کەرەستەی بەکارهێنراون بۆ کەمکردنەوەی ئەو زیانانە، پرسیارێک لە خاوەن مۆلیدەکان کراوە سەبارەت بە بوونی سالنسەی ستونی (صالنصة عمودية). لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی (93%)ی مۆلیدەکان سالنسەی ستونی بەکار دەهێنن و بە ڕێژەی (7%) سالنسەی ئاسۆیی بەکاردەهێنن لە کۆی مۆلیدەکان و تێکرای بەرزی سالنسەکان لە نێوان (2-3)م دەبێت ، بەڵام بەنزیکەی ڕێژەی (59%)ی خاوەن مۆلیدەکان ئامێری بێدەنگکەر بەکاردەهێنن وەك لە خشتەی 26 ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 26: ئامێری کەمکردنەوەی دەنگی مۆلیدەکان (سالنسە و بێ دەنگکەر) لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ئایا سالنسەی ستونیت هەیە | | تێکرای بەرزی سالنسە | ئایا بێدەنگکەرت هەیە | |
|---|---|---|---|---|---|
| | بەڵێ | نەخێر | | بەڵێ | نەخێر |
| دهۆك | 513 | 97 | 2 | 87 | 523 |
| سلێمانی | 1057 | 99 | 2 | 871 | 285 |
| هەولێر | 1313 | 29 | 3 | 875 | 467 |
| هەرێمی کوردستان | 2883 | 225 | | 1833 | 1275 |

## ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتوو

چەندین ڕێگە هەیە کە خاوەن مۆلیدەکان بەکاری دەهێنن بۆ  ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتوو. لە ئەنجامی ڕووپێوی مۆلیدەکان دەردەکەوێت کە لە هەرێمی کوردستان (2415) لە خاوەن مۆلیدەکان کە دەکاتە بە ڕێژەی (78%) ئەو ڕۆنەی کە بەکاری دەهێنن دەیفرۆشن. بەهای فرۆشتنی ڕۆنی بەکارهاتوو زیاترە لە (149) ملیۆن دیناری عیراقی، لە کاتێکدا هەندێک لە خاوەن مۆلیدەکان ئەم پاشماوەیە بە دیاری (خۆڕایی) دەدەن کە ژمارەیان (678) شوێنە و (15) شوێنی مۆلیدەکان ڕێگای فرێدانی لە زەوی بەکاردەهێنن کە ئەم شێوازە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە. (خشتەی خوارەوە) ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتووی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان ڕوون دەکاتەوە.

خشتەی 27: ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتووی مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان (هەزار دینار)

| پارێزگا | ڕێگاکانی ڕزگاربوون لە ڕۆنی بەکارهاتوو | | | | | | بەهای فرۆشتنی ڕۆنی بەکارهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | فرۆشتن | فرێدانی لە زەوی | فرێدانی لە مەزرا | فرێدانی لە ڕووبار | پێدانی بەخۆڕایی | هی تر | |
| دهۆك | 179 | 10 | 0 | 0 | 421 | 0 | 11,347 |
| سلێمانی | 917 | 5 | 0 | 0 | 234 | 0 | 36,147 |
| هەولێر | 1319 | 0 | 0 | 0 | 23 | 0 | 101,850 |
| هەرێمی کوردستان | 2415 | 15 | 0 | 0 | 678 | 0 | 149,344 |

## جۆری سوتەمەنی بەکارهاتوو

سووتەمەنی یەکێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکان بۆ هەر پیشەسازییەک و لە بواری بەرهەمهێنانی کارەبا لە مۆلیدە ئەهلییەکانەوە، پاڵپشتیکردنی خاوەن مۆلیدەکان لەلایەن حکومەتەوە بە پێدانی سوتەمەنی کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لە کەمکردنەوەی نرخی ئەمپێر. لە ئەنجامی ئەم ڕووپێوەدا ئاماژە بەوە کراوە کە بە شێوەیەکی گشتی سووتەمەنی بەکارهاتوو لەلایەن خاوەن مۆلیدەکانەوە بریتییە لە گاز.

## شوێنی هەڵگرتنی سووتەمەنی

بە شێوەیەکی گشتی، مۆلیدەکان پێویستیان بە تانکی هەیە بۆ هەڵگرتنی سوتەمەنی و تانکیەکان توانا و قەبارەی جیاوازیان هەیە، ڕێژەی (99%)ی خاوەن مۆلیدەکان تانکی هەڵگرتنی سوتەمەنیان هەیە و (1%) بەندە بەدابینکردنی سوتەمەنی ڕۆژانە. بەپێی دەرئەنجامەکانی ڕووپێو، زۆربەی ئەم شوێنانە پارێزراون بۆ هەڵگرتنی سووتەمەنی کە دەکاتە بە ڕێژە(83%)و ئەوانەی گرنگی بە سەلامەتی شوێنی هەڵگرتنی سوتەمەنی نادەن بە ڕێژەی (17%) دێن وەك لە خشتەی 28 ڕوونکراوەتەوە.

وێنەی خوارەوە تانکی بەکارهێنراو بۆ هەڵگرتنی سوتەمەنی پیشان دەدات:



خشتەی 28. شوێنی هەڵگرتنی سوتەمەنی و شوێنی پارێزراو بۆ سووتەمەنی بۆ مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان

| پارێزگا | ئایا شوێنی هەڵگرتنی سوتەمەنیت هەیە | | ئایا شوێنی هەڵگرتنەکە پارێزراوە | |
|---|---|---|---|---|
| | نەخیر | بەڵێ | بەڵێ | نەخێر |
| دهۆک | 0 | 610 | 339 | 271 |
| سلێمانی | 5 | 1151 | 1124 | 26 |
| هەولێر | 40 | 1302 | 1074 | 229 |
| هەرێمی کوردستان | 45 | 3063 | 2537 | 526 |

## هەبووە جێگیرەکان

ئاشکرایە کە پێکهاتەی سەرمایە لە هەر دامەزراوەیەك ئەو هەبووە جێگیرانەیە کە لە دامەزراوەکاندا هەن وە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنان بەکار دەهێنرێن نەک بۆ مەبەستی فرۆشتنیان. بۆ نمونە (بینای مۆلیدە، کەرەستە، ئامێر و کەلوپەل). کۆی گشتی بەهای هەبووە جێگیرەکان لە مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان زیاترە لە 205 ملیار دیناری عیراقی. تەنها بەهای مۆلیدەکان نزیك دەبێتەوە لە 173 ملیار دینار کە بەرێژەی (84%) دێت وەك لە خشتەی خوارەوە ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی 29: کۆی گشتی بەهای هەبووە جێگیرەکان لە مۆلیدە تایبەتەکان لە هەرێمی کوردستان

(هەزار دینار)

| پارێزگا | بەهای هەبووە جێگیرەکان | | | بەهای ئامێرە کارەباییەکان | بەهای ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان | بەهای | کۆی گشتی بەهای هەبووە جێگیرەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | مۆلیدەکان | کەرەڤانە و نوسینگەکان | تانکییەکانی ئاو + تانکی سووتەمەنی | (گیزەر+موبەریدە+تەلەفزیۆن+سەتەلایت+سەلاجە+بەرادی ئاو+سپلیت) | کۆمپوتەر، و لاپتۆپ+مۆبایل+کامێراکان | ئامێرەکان+ئاگر کوژێنەوە+پەیژە | |
| دهۆك | 40,012,561 | 1,864,953 | 1,658,971 | 553,418 | 216,445 | 208,308 | 44,514,655 |
| سلێمانی | 52,296,855 | 4,055,234 | 1,862,272 | 1,256,968 | 304,963 | 235,374 | 60,011,666 |
| هەولێر | 80,513,998 | 14,905,652 | 3,373,234 | 1,307,667 | 757,140 | 268,927 | 101,126,620 |
| هەرێمی کوردستان | 172,823,414 | 20,825,839 | 6,894,477 | 3,118,053 | 1,278,548 | 712,609 | 205,652,941 |

# بەشی سێیەم:

# دەرەنجامەکان و پێشنیارەکان

## بەشی سێیەم: پوختەی دەرئەنجامەكان و پێشنیارەكان

### ئەنجامەكان

1- بەپێی دەرئەنجامەكان, ژمارەی گشتی شوێنی مۆلیدەكان لە هەرێمی كوردستان بریتیە ( 3108 شوێن). زۆرترین زۆرترین ژمارەی شوێنی مۆلیدەكان دەكەوێتە پارێزگای هەولێر كە ژمارەیان 1342 شوێنە، پارێزگای سلێمانی 1156 شوێن و پارێزگای دهۆك 610 شوێنە. ڕێژەی90% ی مۆلیدەكان لە شارنشینن و 10% لە گوندنشینن.

2- ئەنجامەكان دەریخستووە كە لە ساڵانی نەوەدەكاندا مۆلیدەكان چاڵاک نەبوونە.

3- كۆی ژمارەی كارمەندان كە لە شوێنی مۆلیدەكان كار دەكەن لە هەرێمی كوردستان بریتیە لە 7746 كارمەند، 7524 كارمەند عیراقین وە 222 كارمەند ناعیراقین.

4- لە كۆی 3108 خاوەن مۆلیدە تەنها 14 یان ئافرەتن.

5- كۆی گشتی موچەی ساڵانەی كارمەندان لە هەرێمی كوردستان دەگاتە نزیكەی 36.47 ملیار دیناری عێراقی كە بە تێكڕای دەكاتە مانگانە (392) هەزار دیناری عێراقی بۆ هەر كەسێك .

6- ئەنجامەكانی لێكۆڵینەوەكە ئاماژە بەوە دەكەن كە كاركردن لە كەرتی مۆلیدەكان پێویستی بە بڕوانامەی ئەكادیمی نییە بەڵكو بە پێی پێویست دەبێت، هەر بەپێی دەرئەنجامەكان دەردەكەوێت 34% خاوەن مۆلیدەكان هەڵگری بڕوانامەی سەرەتایین.

7- شێوازی ژیان وایكردووە كە هاوڵاتیان زیاتر پێویستیان بە ووزەی كارەبا بێت، بۆیە هاوڵاتی لە ئەنجامی نەبوونی كارەبایی نیشتمانی، پشت بە مۆلیدە تایبەتەكان دەبەستێت هەرچەندە پێداویستیەكانی دابین ناكات.

8- بەگوێرەی دەرئەنجامەكان, دەردەكەوێت كۆی گشتی داهاتی ساڵانەی كەرتی مۆلیدە لە هەرێمی كوردستان زیاترە لە 726 ملیار دیناری عیراقی.

9- كۆی گشتی ڕووبەری بەكارهێنراو بۆ مۆلیدەكان لە هەرێمی كوردستان دەگاتە 576226 $م^2$.

## پێشنیارەکان

1- پشت ببەسترێت بە ستراتیژێکی نوێ بۆ کەرتی کارەبا بە مەبەستی هەمەجۆرکردنی سەرچاوەی تر بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا، پەرە بە بەرهەمهێنان و گۆڕین و گواستنەوە و دابەشکردنی ووزەی کارەبا بدرێت بە شێوەیەك دڵنیایی هەبێت لە بەفیرۆنەچوونی کارەبا.

2- پاڵپشتیکردنی خاوەن مۆلیدەکان لە هەرێمی کوردستان بە دابینکردنی سووتەمەنی بۆیان کە کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی نرخی ئەمپێر لەسەر هاولاتیان.

3- گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئابووری و وشیارکردنەوەی هاونیشتیمانیان لە بەکارهێنانی کارەبادا.

4- هاندانی پرۆژەکان و توێژینەوە بە ئامانجی پەرەپێدانی سەرچاوەی وزەی جێگرەوە.

5- گرنگیدان بە دانانی فلتەری گزۆزی بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی پیسبوونی ژینگە.

6- دورخستنەوەی مۆلیدەکان لە شوێنی نیشتەجێبوون (گواستنەوەی ووزەی کارەبا لە ڕێگەی کێبلەوە پاشان بۆ بۆردی دەرەکی)

7- داپۆشینی مۆلیدەی گەورە لە ژوورێکدا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەریەکانی.

8- سیانەکردنی بەردەوامی مۆلیدەکان بۆ دلنیابوون لە دەرنەچوونی پیس بووەکان کە لەئەنجامی خراپ بەکارهێنانی مۆلیدەکانەوە دروست دەبێت.

9- دامەزراندنی مۆلیدەی گەورەی دۆستی ژینگە بۆ پاراستنی سووتەمەنی و کەمکردنەوەی پیس بوون کە لە ئەنجامی زۆری مۆلیدەکانەوە دروست دەبێت.

10- یەکێك لە دیارترین ڕاسپاردە درێژخایەنەکان بریتیە لە لابردنی مۆلیدەکان کە هۆکارن بۆ پیس بوونی ژینگە وە پشت ببەسترێت بە کارەبای نیشتمانی.

# پرسیارنامەی ڕووپێو

# پرسیارنامەی رووپێوی توانای مۆلیدەکانی کارەبایي لە کەرتی تایبەت

## چوارچێوە

زنجیرەی فۆرم *

پارێزگا *

- دهوک
- سلێمانی
- هەولێر

قەزا *

ناحیە *

ژینگە *

- شار
- گوند

دراوسێیەتی (حەی) *

ژمارەی گەڕەک

گوندە *

کەرت *

ناونیشان یان نزیکترین خاڵی ناسینەوە *

شوێنی جوگرافی *



(° latitude (x.y

(° longitude (x.y

(altitude (m

(accuracy (m

ئایا چاوپێکەوتنەکە ئەنجامدرا؟ *

- چاوپێکەوتن ئەنجامدرا
- چاوپێکەوتنەکە ڕەت کرایەوە
- مۆلیدە داخراو بوو
- توانای پەیوەندیکردنی نییە

:

» :

ناوی خاوەن مۆلیدە: *

---

ڕەگەزی خاوەن مۆلیدە: *

- نێر
- مێ

بڕوانامەی خاوەن مۆلیدە چیە؟ *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

ئایا خاوەن مۆلیدە لە شوێنەکە کاردەکات؟ *

- بەڵێ
- نەخێر

ئایا خاوەن مۆلیدە مووچەی هەیە؟ *

- بەکرێ
- بۆ خۆی

مووچەی خاوەن مۆلیدە چەندە؟ *

0

---

ژمارەی تەلەفۆنی خاوەن مۆلیدە:

*ژمارەکان بە زمانی ئینگلیزی بن*

---

ژمارەی کرێکارانی عێراقی لە شوێنی مۆلیدە چەندن؟ *

0

---

کۆی گشتی حەقدەستی کرێکارانی عێراقی چەندە؟ *

*مانگانە بە 1000 دیناری عێراقی*

---

**» زانیاری کرێکارانی عێراقی**

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 1:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 2:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 3:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 4:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**بڕوانامەی کارپێکەری مۆلیدە 5:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**» :**

**ژمارەی کرێکارانی غەیرە عێراقی لە شوێنی مۆلیدە**

0

---

**کۆی گشتی حەقدەستی کرێکارانی غەیرە عێراقی** *

*مانگانە بە 1000 دیناری عێراقی*

---

## » زانیاری کرێکارانی غەیرە عێراقی

**بڕوانامەی کارپێکەری مۆلیدە 1:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**بڕوانامەی کارپێکەری مۆلیدە 2:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 3:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 4:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**پروانامەی کارپێکەری مۆلیدە 5:** *

- نەخوێندەوار
- سەرەتایی
- ناوەندی
- دواناوەندی
- زانکۆ و بەرزتر

**تەمەن:** *

*تەمەن زێوان 10 بۆ 80 بیت*

---

**» :**

0

*کۆی گشتی ژمارەی کرێکارانی عێراقی و غەیرە عێراقی*

---

كۆی ژمارەی كرێكاران لە شوێنی مۆلیدە *

0

رێكەوتی چاوپێكەوتن *

2022-06-21

## » زانیارییەكانی مۆلیدە

ژمارەی یەكەكانی كارپێكردن (ژمارەی مۆلیدەكان) *

ساڵی دەستپێكردنی چالاكییەكە *

*كەی یەكەم جار مۆلیدەكە دەست بە كاركردووە*

yyyy

وڵاتی دروستكەری مۆلیدەی 1 *

وڵاتی دروستكەری مۆلیدەی 2

وڵاتی دروستكەری مۆلیدەی 3

وڵاتی دروستكەری مۆلیدەی 4

وڵاتی دروستكەری مۆلیدەی 5

ئایا مۆلیدە بە فەرمی تۆمار كراوە؟ *

- بەڵێ
- نەخێر

جۆری زەوی *

- مولک
- كرێ
- بێ بەرامبەر(هەرەمەكی)
- هیتر

تێچووی كرێی مانگانە *

*مانگانە بە 1000 دیناری عێراقی*

جۆری تری زەوی *

ڕووبەری زەوی بەکارهاتوو (م2) *
*ڕووبەر بە مەتر دووجایە*

## » وزەی کارەبا

کۆی گشتی بەشداربووان (هاوبەشەکان) *

کۆی گشتی ئەمپیرەکان *

ئایا بەشداربووی بێ بەرامبەرت هەیە؟ *

- بەڵێ
- نەخێر

ژمارەی بەشداربووانی بێبەرامبەر *

ئەمپێرەکانی بێ بەرامبەر *

ئایا بۆردی دابەشکردن بەکاردێت؟ *

- لە ناوەی مۆلیدە
- لە دەرەوەی مۆلیدە
- هەردووک

توانای مۆلیدە (توانای دیزاینکراو) بۆ هەموو مۆلیدەکان لە شوێنەکەدا چەندە؟ *
*KVA*

توانای بەکارهێنراو بۆ هەموو مۆلیدەکان چەندە؟ *
*KVA*

تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردنی هاوین (حوزە یران) *
*کاتژمێر/ ڕۆژ (حوزەیران)*

0

**نرخی ئەمپێر** *

*مانگانە بە 1000 دیناری عێراقی*

**تێکڕای کاتژمێرەکانی کارکردن لە زستاندا (کانوونی یەکەم)** *

*کاتژمێر/ ڕۆژ (کانوونی یەکەم)*

0

**نرخی ئەمپێر** *

*مانگانە بە 1000 دیناری عێراقی*

**ژمارەی مانگەکانی هاوین** *

0

**ژمارەی مانگەکانی زستان** *

0

کۆی گشتی مانگەکان:

0

## » پێداویستی و سووتەمەنی

**چ جۆرە سووتەمەنییەک بەکاردەهێنرێت؟** *

- گازوایل
- هیتر

**جۆری سووتەمەنیەکە دیاری بکە** *

**بەکارهێنانی سووتەمەنی مانگانە بۆ (حوزە یران)** *

*لتر*

0

**بەها** *

*1000 دینارێن عێراقی*

0

**بەکارهێنانی سووتەمەنی مانگانە بۆ (کانوونی یەکەم)** *

*لتر*

0

**بەها** *

*1000 دینارێن عێراقی*

0

**ئایا سووتەمەنی وەردەگریت لە (دەزگاکانی حکومەت)؟** *

- بەڵێ
- نەخێر

**بڕی سووتەمەنی وەرگیراو** *

*لتر*

0

**بەها** *

*1000 دینارێن عێراقی*

**ئایا بڕی سووتەمەنی وەرگیراو بەشت دەکات؟** *

- بەڵێ
- نەخێر

**بڕی ئەو سووتەمەنیەی کە مانگانە لە بازاڕی ناوخۆیی دەکڕدرێت (بە نرخی بازرگانی) لە ماوەی مانگی حوزەیران چەندە؟** *

*لتر*

**بەهای مانگانەی سووتەمەنی کڕدراو لە بازاڕی ناوخۆیی (بە نرخی بازرگانی) لە ماوەی مانگی حوزەیران چەندە؟** *

*1000 دینارێن عێراقی*

**بڕی ئەو سووتەمەنیەی کە مانگانە لە بازاڕی ناوخۆیی دەکڕدرێت (بە نرخی بازرگانی) لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمدا چەندە؟** *

*لتر*

**بەهای مانگانەی سووتەمەنی کڕدراو لە بازاڕی ناوخۆیی (بە نرخی بازرگانی) لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمدا چەندە؟** *

*1000 دینارێن عێراقی*

**تێچووی گواستنەوەی سووتەمەنی** *

*1000 دینارێن عێراقی/ لەکاتێك کە بەهای کرێ گەیاندن لەگەل کڕینەکە بیت تکایە نرخەکە (0) تۆمار بکە*

**ئایا شوێنێک هەیە بۆ هەڵگرتنی سووتەمەنی؟** *

- بەڵێ
- نەخێر

* ئایا ئەو شوێنەی کە سووتەمەنی تێدا هەڵدەگیرێت پارێزراو و دوور لە سەرچاوەی گەرمییە؟

◯ بەڵێ

◯ نەخێر

* بڕی ئەو ڕۆنانەی کە لە مانگێکدا بەکاردەهێنرێن لە ماوەی مانگی حوزەیران چەندە؟
*لتر*

____________________

* بەهای ئەو ڕۆنانەی کە لە مانگێکدا بەکاردەهێنرێن لە ماوەی مانگی حوزەیران چەندە؟
*1000 دینارێن عێراقی*

____________________

* بڕی ئەو ڕۆنانەی کە لە مانگێکدا بەکاردەهێنرێن لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمدا چەندە؟
*لتر*

____________________

* بەهای ئەو ڕۆنانەی کە لە مانگێکدا بەکاردەهێنرێن لە ماوەی مانگی کانوونی دووەمدا چەندە؟
*1000 دینارێن عێراقی*

____________________

* خەرجی چاککردنەوە و چاککردنەوە (فلتەر، وایەر، گوێز، چاککردنەوەی ڕادیاتۆر و هتد..) ساڵانە چەندە؟
*1000 دینارێن عێراقی*

____________________

* خەرجییەکانی تر (کارگێری، کرێ، کرێی پاککردنەوە، نوێکردنەوەی پشوو، هتد..) ساڵانە چەندە؟
*1000 دینارێن عێراقی*

____________________

## » ئاو و ژینگە

ئایا مۆلیدە پێویستی بە ئاو هەیە بۆ ساردکردنەوە؟

◯ بەڵێ

◯ نەخێر

* بڕی ئەو ئاوەی کە بۆ ساردکردنەوە بەکاردێت (مانگانە) چەندە؟
*م3*

____________________

**سەرچاوەی ئاو کە بۆ ساردکردنەوە بەکاردێت چییە؟** *

*هەموو ڕێگاکانی بەکارهێنراو هەڵبژێرە*

- ☐ گەێنراو
- ☐ زیادەڕوویی
- ☐ ڕووبار
- ☐ تەنکەر
- ☐ هیتر

**بەهای سەرچاوەی ئاوی گەێنراو چەندە؟** *

*1000 دینارێن عێراقی*

______________________

**بەهای سەرچاوەی ئاو لە تەنکەر چەندە؟** *

*1000 دینارێن عێراقی*

______________________

**شێوازی ئاوەڕۆی ئاو** *

*هەموو ڕێگاکانی بەکارهێنراو هەڵبژێرە*

- ☐ ئاوەڕۆ
- ☐ زەوی دراوسێ
- ☐ سپتیك تانک
- ☐ ڕووبار
- ☐ هیتر

**ڕێگاکانی تر کە بۆ ئاوەڕۆی ئاو بەکاردەهێنرێن** *

______________________

**ئایا مۆلیدەکە سالنسەی ستوونی هەیە** *

- ◯ بەڵێ
- ◯ نەخێر

**بەرزی سالنسەی** *

*مەتر*

0

______________________

**چۆنێتی ڕزگاربوون لە روونی بەکارهێنراو** *

*هەموو ڕێگاکانی بەکارهێنراو هەڵبژێرە*

- ☐ فرۆشتن
- ☐ فڕێ دەدرێتە سەر زەوی
- ☐ فڕێدان بۆ ناو ئاوەڕۆ
- ☐ فڕێ دەدرێنە سەر ڕووبارەکە
- ☐ دیاری (بەخۆڕایی)
- ☐ هیتر

**بەهای فرۆشتنی روونی بەکارهاتوو** *

*1000 دینارێن عێراقی*

**باسی ڕێگەیەکی تر بکە بۆ ڕزگاربوون لە روونەکە** *

**ئایا هەموو مۆلیدەکان بێدەنگکەریان (کاتم) هەیە** *

- ◯ بەڵێ
- ◯ نەخێر

## » هەبووەکانی جێگیر

**هەبووەکانی جێگیرکراو لە شوێنی مۆلیدەکان** *

- ☐ کەرەڤان/بینا
- ☐ مۆلیدە
- ☐ گەرمکەرەوەی ئاو
- ☐ تانکی ئاو
- ☐ تانکی سووتەمەنی
- ☐ ساردکەرەوە
- ☐ جێگەی نوستن (سیسەم)
- ☐ تەلەفزیۆن
- ☐ سەتەلایت
- ☐ حاسیبە
- ☐ سپلیت
- ☐ کامێرا
- ☐ مۆبایل تایبەت بە مۆلیدە
- ☐ سەلاجە
- ☐ پلیکانەکان (پەیژە)
- ☐ (کیت و قاڵب)
- ☐ کوژێنەرەوەکان
- ☐ ساردکەرەوەی ئاو (براد)
- ☐ مێزی مەکتەبی
- ☐ هیتر

**ژمارەی کەرەڤان/بینا** *

**بەهای کەرەڤان/بینا** *

* ژمارەی مۆلیدە

* بەهای مۆلیدە

* ژمارەی گەرمکەرەوەی ئاو

* بەهای گەرمکەرەوەی ئاو

* ژمارەی تانکی ئاو

* بەهای تانکی ئاو

* ژمارەی تانکی سووتەمەنی

* بەهای تانکی سووتەمەنی

* ژمارەی ساردکەرەوە

* بەهای ساردکەرەوە

* ژمارەی جێگەی نوستن

* بەهای جێگاکە

* ژمارەی تەلەفزیۆن

* بەهای تەلەفزیۆن

* ژمارەی سەتەلایت

* بەهای سەتەلایت

* ژمارە کومپیوتەر

* بەهای کومپیوتەر

* ژمارەی سپلیت

* بەهای سپلیت

* ژمارەی کامێرا

* بەهای کامێرا

* ژمارەی مۆبایل تایبەت بە مۆلیدە

* بەهای مۆبایلی تایبەت بە مۆلیدە

* ژمارەی سەلاجە

* بەهای سەلاجە

* ژمارەی پلیکانەکان (پەیژە)

* بەهای پلیکانەکان (پەیژە)

* ژمارە (کیت و قاڵب)

* بەها (کیت و قاڵب)

* ژمارەی کوژێنەرەوەکان

* بەهای کوژێنەرەوەکان

* ژمارەی ساردکەرەوەی ئاو (براد)

* بەهای ساردکەرەوەی ئاو (براد)

* ژمارەی مێزی مەکتەبی

* بەهای مێزی مەکتەبی

* ناوەڕۆکی تر

*تکایە کەلوپەلی نەگۆڕی تر بنووسە*

تێبینی گشتی

*

پوختە

ژمارەی فۆرم:

کۆی ژمارەی کرێکارەکان

0

کۆی گشتی مووچە

0

هاوین

داهاتی فرۆشتنی کارەبا

0

پێداویستییەکانی سووتەمەنی

0

پێداویستییەکانی روون

زستان

داهاتی فرۆشتنی کارەبا

0

پێداویستییەکانی سووتەمەنی

0

پێداویستییەکانی روون

بەهای پاشماوەی روونی بەکارهاتوو

بەهای سەرچاوەی ئاوی گەینراو چەندە؟

بەهای سەرچاوەی ئاو لە تەنکەر چەندە؟

خەرجییەکانی بەردەوامی و چاککردنەوە

وەزارەتی پلاندانان-دەستەی ئاماری هەرێم

www.krso.gov.krd